کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم– ژمارە ۴۳۸ –نیوەی دووەهەمی خەزەڵوەری ۱۴۰۲ – نوامبر ۲۰۲۳

## ســـــەروتار

۲۵ی نوامبر ڕۆژی جیهانی خەبات لەدژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان یەکێکە لە بۆنە هەرەگرنگەکانی ساڵ. ئەم دیاردە دڵتەزێنە یەکێکە لە بەئازارترین شێوازە باوەکانی سەردەمی کۆن، کە نیزامی سەرمایەداری سەدەی بیست و یەک هۆکاری مانەوەیەتی و تا ئێستاش لەسەر شانی مرۆڤایەتی قورسایی دەکات. لە چەند سەد ساڵی ڕابردوودا و لەگەڵ بە پیشەسازی بوونی شێوازەکانی بەرهەمهێنان، گەشەی شارنشینی، درووستبوونی قوتابخانە و زانکۆکان، هاتنی ژنان بۆ ناو بازاڕەکانی کار، پەرەسەندنی پەیوەندییەکان، پێکهاتنی ڕێکخراوە سنفی، فەرهەنگی و سیاسییەکان و بە تایبەتی بەشداری بەربڵاوی ژنان لە پرۆسەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیدا، ژنان کەم تا زۆر، لە هەموو جیهان، توانیویانە وەک نیوەی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی کار و ژیاندا، حزووری بەرچاو و چالاکانە و کاریگەریان هەبێت. ژنان لە هەموو بوارەکاندا بە شێوەیەک بەرەوپێش چوون و بوونەتە خاوەن توانایی و هێزێکی داهێنەری ئەوتۆ کە لەو ماوە کورتەدا کە توانیویانە لە دەرەوەی چوارچێوەی ماڵدا کار بکەن، بخوێنن و چالاکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، هونەری و ئابووریی ئەنجام بدەن، ڕواڵەتی شار و کۆمەڵگایان، ئینسانی تر و یەکسان تر کردووە. بەڵام هەر ئەم پێشکەوتنە ڕێژەیی و دەستەبەربوونەی بەشێک لە مافە پێشێلکراوەکانی ژنان لە هیچ کۆمەڵگایەکدا بابەتێکی سەهل و ئاسان نەبوو

درێژە لە لاپەڕەی ۲



سەروتار

# توندوتیژی دژی ژنان، پەڵەیەکی ڕەش بە ناوچاوانی مرۆڤایەتییەوە



## چاوخشاندنێک بەسەر یاسای نوێی، فەشەل و شکستخواردوی «حیجاب و عیفاف»دا

لاپەڕەی ۲



## هونەر و چینە کۆمەڵایەتییەکان

لاپەڕەی ۳



## زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی، ئیرادەی خەبات و تێکۆشان بەهێزتر دەکات

لاپەڕەی ۵



## ڕۆژی جیهانی منداڵان و ڕژیمە منداڵکوژەکانی ئێران و ئیسرائیل

لاپەڕەی ۶

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٣٨ -نیوەی دووەهەمی خەزەڵوەری ١٤٠٢ - نوامبر ٢٠٢٣

## درێژە ی سەروتار

بەڵکوو زۆبەی کاتەکان لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی بەربڵاو و بەردەوام و بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ سەرکوت و توندوتیژییەکی لەڕادەبەدەر لەلایەن حکومەتەکان و دام و دەزگا ئایینی و قەشە و ئاخووندەکان و هەروەها کولتوور و کۆمەڵگەی پیاوسالاری و بیر و باوەڕی کۆنەپەرستانە بەرەوڕوو بوونەتەوە و هەتا ئێستاش دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکەن لەم نێوەندەدا، ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش، چ وەک ڕژیمێکی بەرگریکاری بەربەرییەتی سەرمایەداری و چ وەک ڕژیمێکی کە ئایینیش وەک ئامرازێک بۆ سەپاندنی هەرچی زیاتری ئەو پەیوەندییە دژە ئینسانیانە بەکار دەهێنێت، لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا کارنامەیەکی گەلێک ترسناکی لەخۆی بەجێهێشتووە. ئەم ڕژیمە بە کەڵک وەرگرتن لە مەزهەب وەک ئامرازێکی ئیدئۆلۆژیک و پشتبەستن بە کولتووری دواکەوتووانەی پیاوسالاری، هەڵاواردن و نابەرابەری جێندەری و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانی کردووە بە دیاردەیەکی یاسایی و ئاسایی. ژنانی ئێران لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا، هاوشانی چینی کرێکار، زۆرترین ستەم و مەینەتی و نەهامەتییان لە دەست ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەرکەوتووە. کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا زۆر هەوڵیدا بە پشتبەستن بە بیروباوەڕی ئایینی، باوەڕ و نەریتە ڕزیو و گیانسەختەکان، سەپاندنی گەلێک یاسا و ڕێسای پشتبەستوو بە مەزهەب و سەرکوتی وەحشیانە، ستەم لەسەر ژنان بکاتە باوەڕێکی دەروونی و بەو قەناعەتەیان بگەیەنێت کە ژێردەستەیی خۆیان وەک پرسێکی ئاسایی قبووڵ بکەن، بەڵام لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو هەر هەوڵێکی سەرکوتگەرانە و سووکایەتیکردن بەرامبەر بە ژنان، گڕگانی ڕق و بێزاری ئەوانی بڵێسەدارتر کردووە. ئەگەر تا دوێنێ، لە هەر شوێنێک بزووتنەوە و خەباتێک لە ئارادا بوویێت، ژنان ڕۆڵێکی بەرچاویان تێدا گێڕاوە. ئەمڕۆ لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا ژنانی ئازادیخواز زنجیری کۆیلایەتیان پچڕاندووە و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیان خستووەتە لەرزین. چاونەترسی و خۆڕاگری بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سەرکوت و ترس و تۆقاندن کاریگەرییان نەماوە.

ئەگەرچی ئەم جێگە و پێگەیە بە ئاسانی بەدەست نەهاتووە و لە ماوەی کەمتر لە یەکساڵدا خوێنی سەدان ژن و پیاوی گەنجی لەپێناودا ڕژاوە، بەڵام دەستکەوتەکانی گەیشتووەتە ئاستێک کە چیتر پاشەکشەی پێناکرێت. دامودەزگا ئایینییەکان و ژمارەی زۆرەی ئەو مەلا و ئاخووندانەی کە لەگەڵ پرسی یەکسانی و دادپەروەریدا ناتەبان و دوژمنایەتییەکی لە ئاشتی نەهاتوویان هەیە، بەردەوام خەریکی هاندانی پیاوان بۆ توندوتیژی لەدژی ژنانن، زیندان و ئەشکەنجە و تیرۆر، ژەهراویکردنی کچانی خوێندکار و ئەو یاسا دزێو و کۆنەپەرستانەی کە هەر ڕۆژە و تەرح و پلانێکی نوێ لە دژی ژنان دەخەنە دەستووری کارەوە، تەواوی ئەم پلان و ڕێوشوێنانە لە بەرامبەر بزووتنەوەی بەرین و کۆمەڵایەتی ژناندا بەچۆکدا هاتووە و تووشی داماویی و سەرلێشێواوی بوون، ئەم داماویی و سەرلێشێواوییە لە گوتار و کردەوەکانی ڕژیم و دار و دەستەکەیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت. سەرەڕای هەموو ئەمانەش هێشتا تا گەیشتن بە ڕزگاری یەکجاریی، پێویستمان بە هەڵگرتنی هەنگاوی گەورەتر هەیە. تەنیا بە خەباتێکی ڕێکخراو و یەکگرتووانە و بەشداریی بەربڵاوی چین و توێژەکانی ژنانی چەوساوە و ستەمدیتوو و هەروەها ئەو پیاوانەی کە مانەوە و بەردەوامبوونی ئەم ستەمگەرییە بە گوشارێکی ئازاردەر و پێشێلکردنی ئاشکرای کەرامەتی ئینسانیی خۆیان دەزانن، دەکرێت هەر لە ئێستاوە پیاوسالاری و نیزامی سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا تا ڕادەیەکی زۆر ناچار بە پاشەکشە بکرێت و ژینگەیەکی ئەمن تر لەناو ماڵ و پەیوەندییەکی ئینسانی لەناو کۆمەڵگادا و کەشێکی ئەمن تر لە شوێنی کار، بۆ ژنان دابین بکرێت. بەڵام بێ گومان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، سەرەنجام تەنیا بە ڕزگاربوون لە کۆت و بەندی سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی نیزامێکی سۆسیالیستی دەتوانێت ئەم نەنگە لە داوێنی خۆی بسڕێتەوە

* * *

## چاوخشاندنێک بەسەر یاسای نوێی، فەشەل و شکستخواردوی «حیجاب و عیفاف»دا



ڕۆژنامەکانی ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی خەزەڵوەر، هاوتەریب لەگەڵ جێبەجێکردنی یاسای دژە خەڵکی «حیجاب و عیفاف» کە ماوەیەک لەوەپێش لە مەجلیسی ئیسلامی پەسەندکراوە، باسیان لە دروستکردنی تونێلی ئینسانی لە دەروازەکانی چوونە ژوورەوەی میترۆکان بۆ ناچارکردنی ژنان بە ڕەچاوکردنی حیجاب کرد. بەپێی ئەم تەرحە « تونێلێک» لە پۆلیسە چەکدارەکانی ژن و پیاو، کە سەیر و سەمەرە ئەوەیە ئەمجارەیان ناوی « هیدایەتگەر»یشان لەسەر داناون! پێک دەهێنن بۆ ئەوەی ژنان ناچار بن لەکاتی چوونەژوورەوە یان هاتنەدەرەوە لە مێترۆکان بەناو ئەو تونێلەدا تێپەڕن. لەم پڕۆژەیاسایەدا بۆ ئەو ژن و پیاوانەش کە خۆبەخشانە و بە حوکمی «ئاتەش بە ئیختیار» یەخەی ژنانی بێ حیجاب دەگرن، یان ڕاپۆرتی ئەو شوێنە کار و کاسبیانەی کە حیجابی تەواویان تێدا ڕەچاو ناکرێت، بە هێزە ئینتزامییەکان ڕادەگەیەنن، پاداشتی نەغدی لەبەرچاو گیراوە. خاڵی جێگەی سەرنج لەو یاسایەدا ئەو ئەرکانەیە کە لە دوا بڕگەکانی ئەم یاسایەدا سەبارەت بە جێبەجێکردنی، بە وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپای پاسداران سپێردراوە. بوونی ئەم بڕگانە لەو یاسا پەسەندکراوەدا زۆر بە ڕوونی بەو مانایەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە کردەوە دان بەوەدا دەنێت کە سەپاندنی حیجابی زۆرەملێی بە پاراستنی بوونی خۆیەوە گرێداوە. ڕۆژنامەکانی شەرق و ئیعتماد لە ژمارەی ئەمڕۆدا لەم بابەتەوە نووسیویانە: «ئەم یاسایە نەک هەر جێبەجێ ناکرێت، بەڵکوو نەفرەت و بێزاری گشتی زیاتر دەکات» ئێستا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە بۆچی ڕژیمی ئیسلامی بۆ ئەوەی خۆی لە خنکان ڕزگار بکات پەنا بۆ تەختە شکاوێکی لەم چەشنە دەبات؟ ئەم گەڵاڵەیە کە تا ئێستا چەندین جار لە نێوان مەجلیسی ئیسلامی و شوڕای نیگەهباندا دەستاودەستی پێکراوە، بە «خانەوادە مێحوەر» پێناسە کراوە. بۆ حکومەتێکی کە بە پێی پێناسەکەی، نیزامێکی ئیسلامییە، لە هیچ بوارێکدا هیچ شتێکی پێ نەماوە بۆ ئەوەی کە بەپشتبەستن پێی، ئیسلامیبوونی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت. بەرپرسانی ڕژیم هیواخوازن لە بارودۆخێکدا کە نەفرەت و بێزاریی لە سەرانسەری ئەم کۆمەڵگایەدا بەرامبەریان شەپۆل دەدات، بە پڕوپاگەندەی ئەوەی کە گوایە بێ حیجابی چوارچێوە و بنیاتی بنەماڵەی خستۆتە مەترسییەوە، لەناو کەمینەیەک لە کۆنەپەرستان و پیاوسالاراندا جێگە و پێگەیەک بۆخۆیان دەستەبەر بکەن و بە نمایشکردنی دەسەڵات و هێزی خۆیان لەم چوارچێوەیەدا، لەلایەکەوە حزوور و ئیسلامیبوونی خۆیان بە کۆمەڵگا نیشان بدەن و لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی ڕاپەڕیو و نارازی چاوترسێن و سەرکوت بکەن. ئەڵبەتە داڕێژەرانی ئەم ستراتیژە بۆ مانەوە، لە بیریان نەچووەتەوە کە لە ماوەی یەک ساڵ لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا ژنان و کچانی ئازادیخوازی ئێران، چەندە بوێرانە و فیداکارانە حیجابی زۆرەملێی ئیسلامییان ئاگر تێبەردا و خۆیان لە ژێر باری ئەو سووکایەتی و شەرمەزارییە مێژووییە ڕزگار کرد و ناو و ناوبانگی ڕاپەڕینەکەیان بە جیهان ناساند، بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە هیچ ڕێگایەکی تریان بۆ نەماوەتەوە و وەک ڕژیمێکی ئیسلامی، گەیشتوونەتە بنبەست و هیچیان لە هەگبەدا نەماوە. دوای ئەو ڕۆڵە پێشەنگایەتییەی کە ژنانی لاو لەسەر شەقام و لە ڕووبەڕووبوونەوەی بوێرانە لەگەڵ بەکرێگیراوانی حکومەت لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا لەخۆیان نیشاندا، ئێستا ئەم ڕۆڵە لە شێوازی نافەرمانی مەدەنیدا دەگێڕن. ئەم بوارە ئێستا بۆتە یەکێک لە مەیدانە سەرەکییەکانی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە دژی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی ئێران. ڕژیم دەزانێت کە بە هەر ڕادەیەک پاشەکشە لە بواری سەپاندنی تەواوی حیجابی ناچاری بەسەر ژناندا، ئەو تاکە کۆڵەکەی ئیدئۆلۆژییەشی دەڕووخێت. هەربۆیە بەرپرسانی حکومەتی ئیسلامی لە سەپاندنی جلوبەرگی ئیسلامی بەسەر ژنان و تەنانەت پیاوانیشدا وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دژە ئینسانی خۆیان کەڵک وەردەگرن واقعییەت ئەوەیە کە خەبات و تێکۆشانی ژنان، کۆماری ئیسلامی تووشی داماویی و سەرلێشێواوی کردووە. ئەگەر لە سەرەتای ڕاپەڕینی ژینادا کچانی لاو پێشەنگی خەباتێکی خوێناوی بوون، ئێستا ئیتر دایکان و داپیرە و ملیۆنان ژنی دژە حیجابیش هاتوونەتە ڕیزی کچەکانیانەوە. ئەگەر بەرپرسانی ڕژیمی ئیسلامی پێیانوابوو کە بە ژەهراویکردنی کچان لە قوتابخانەکان، دەتوانن بەسەر ڕاپەڕینی ژناندا زاڵ بن، ئێستا ئیتر لەگەڵ ملیۆنان ژنی خاوەن ئەزموون کە لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا هەموو ڕێوشوێن و سیاسەت و یاسا و ڕێسا دژە ژنەکانی ڕژیمیان لەگەڵ شکست بەرەوڕوو کردووەتەوە، چیدەکەن؟ ئێستا ئیتر بوێری و قارەمانەتی ژنان بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. ژنانی ئازا و تێکۆشەر، شانبەشانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی پێشڕەو، پێشەنگی خەبات لەپێناو ڕووخاندنی حکومەتی ئیسلامی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئینسانیی و ئازادی دوارۆژن

***

پێشڕەو



دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٣٨ -نیوەی دووەهەمی خەزەڵوەری ١٤٠٢ - نوامبر ٢٠٢٣

# هونەر و چینە کۆمەڵایەتییەکان – سەعید ئەمانی

لە دەورانی پارینەسەنگی واتە چاخە بەردینە دا، کە گشت مرۆڤەکان ناچاربوون بە کۆکردنەوەی خۆراك، ڕاوکردن و بەدەست هێنانی میوە و گیاخۆراکیەکان ژیان بەرنەسەر، کۆمەڵگا یەکدەست و هاوشێوە بوو. بەڵام لە سەردەمی نوێ بەردینەدا بە بەرهەمهێنانی خۆراك، لەڕێگای وەرزێریەوە، هێدی هێدی ئینسان دەستی لە کۆچ کردن کێشایەوە و لە جێیەك نیشتەجێ بوو. بە هۆی زیاد بوونی بەرهەمهێنان و پاشەکەوت کردنی دانەوێڵە و دەست کەوتنی کاتی بەتاڵ و بێکاری، مەجالی چالاکی لاوەکی و خۆ خلافاندنی بۆڕەخسا. لە ئاکامدا بەشێك لە خەڵك توانیان بەبێ کاری بەرهەمهێن و ڕاستەوخۆ، ژیان بەرنەسەر. پیشەسازی و سەودا و مامەڵەش بوونە هۆی سەر هەڵدانی چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی( مامەڵەچی)

بەم شێوەیە لە سەردەمی شارنشینیەوە( لە پێنج هەزار ساڵ لەوە پێش بەم لاوە) کە چینە کۆمەڵایەتیەکان چوونەتە شکڵ و قەوارەی تایبەت بە خۆیانەوە، ئێمە شاهیدی شەڕ و تێکهەڵچوونە چینایەتیەکانین. چینێکی کە لە دابەشکردنێکی گشتی دا دەکرێ بە تاك و کۆمەڵ، یان زۆرینە و کەمینەیان نێوبەرین. چینی زۆرینە واتە ئەو بەشە لە ئەندامانی کۆمەڵ کە کارە قورس و بەرهەمهێنەکانیان لە ئەستۆیە. چینی کەمینەش ئەو تاقمە لە ئەندامانی کۆمەڵن کە دەستیان لە کار و باری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، لە باری نەزەریەوە و ڕێبەری و رووتاندنەوە و ڕێك و پێککردنی کاروباری وڵات دا، هەیە_ یان باشترە بڵێین لە ژێرچۆك ناوە. شك لەوەدا نییە کە بە پێی هەل و مەرجی ژیان و شێوەی جیاوازی بەرێچوونی هەر چینێك، خۆیان خاوەنی بیر و بۆچوون و جیهان بینییەکی جیاوازیشن. و سروشتیە کە ئێمە شاهیدی دوو فەلسەفە و دوو جۆر هونەری (خاس و عام) تاك و کۆ لە دنیای ئەم دوو چینەدا بین

هەروەك لە سەرەوە باسمانکرد، لە دەروونی ئەم کۆمەڵگا چینایەتییە دا، بەردەوام کێشە و ململانێ لە ئارادایە. دیارە هۆکاری ئەم کێشمەکێش و تێکهەڵچوونانەش بریتین لە ئاساییە کە، کەمینەی خاوەن دەسڵات و پلە و پایەکان بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندیەکانیان دەیانەوێ هەل و مەرجەکە پارێزراو بێ و هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێك، لە ڕاستای دژ بە بەرژەوەندیەکانیان دەبینن. لە بەرانبەریش دا زۆرینەی بێ بەش و زۆرلێکراو بۆ ئەوەی ئاڵ و گۆڕێك بەسەر ژیان و بەرێچوونی دا بێت، حەزی لە ئاڵ و گۆڕە و بە پیریەوە دەچێت. کەمینەی خاوەن بەرژەوەندی، کە خۆی بەبێ ئەوەی رۆڵێکی لە بەرهەمهێنان دا هەبێ و تەنیا چاوەدێری ڕەوتی بەرهەمهێنانی چینی زۆرینەیە، هەوڵە بەکردەوەکان بە سووك چاو لێدەکەن و دەکۆشن تا هەوڵە نەزەرییەکان بە تەواوی لە هەوڵە بە کردەوەییەکان جیابکەنەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەکرێ بڵێین چینی زۆرینە مەجالێکی بۆ کار و کۆششی سەربەخۆیانەی نەزەری لەبەر دەستا نیە. چینی کەمینەش چون ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژیانی بەکردەوەدا نامۆیە، ئاساییە لە ڕاستیەکان دوور کەوێتەوە و خەڵوەت نشینی کاخی خەیاڵی خۆی بێت. لە حالێك دا کە زۆرینە لەبەر ئەوەی تێکەڵاوی ڕەوتی ژیانی بە کردەوەیە لە گەڵ ڕاستییەکان دا دەستەویەخەیە. دەکرێ بوترێت ( واقعگەرا )یە. کەوابێ دەتوانین بوونی دوو جۆر هونەری جیاواز، هەر لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانی تەمەدونەوە بەدی بکەین و لێك هەڵاوێرین. واتە هونەری واقعگەرایانەی زۆرینە( عەوام) و هونەری ناواقعگەرایانەی کەمینە( خەواس)

کەوایە لە بەرانبەر هونەری سەرەتایی دا کە هاوشێوە و لە ڕاستی دا بە یەکێك لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بە حیساب دەهات. هونەری تەمەدونی دوو ڕەوت لە خۆ دەگرێ کە هیچکامیان(بەتایبەت ڕەوتێکی کە بە ژیانی چینی کەمینە مەربووتە) هۆکاری ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنان بەحیساب نایەن و سەر بە گشت کۆمەڵگانین، بەڵکوو تایبەت بە چینێکی دیاریکراوە لەو دوو چینەی لە کۆمەڵگا دا بوونیان هەیە و هونەری هەر چینەش دەرخەری ناڕاستەوخۆی هەل و مەرج و داخوازیەکانی ژیانی تایبەت بەو چینە و یان کەرەستەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەو چینە. هونەری کەمینە، یان تاك، بێ رۆح و ئیستاتیکە، سوننەت گەرایە و هونەری زۆرینە، یان گشتی، زیندوو و دینامیکە

لێرەدا ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەی شێعر وەك نموونە لێك ئەدەینەوە: لە کۆمەڵگای سەرەتایی دا زۆرتری کارەکان لە بەردەوامی و لێك هەڵوەشانی یەك لە دوای یەکی زنجیرەیەك جووڵە و بزووتن پێك دەهات،( بزووتنی بەدەن و لەوانە دەنگ کە لە کاتی کاردا لە گەروو دێتە دەرەوە) بە شێوەی ئاسایی خاوەنی کێش و نەزمێك بوو. مرۆڤی سەرەتایی، بۆ هەر کارێك، تەواوی ئازای بەدەنی وەك ساوایەك ئەخستەکار، تەنانەت ئەو بەشەش لە جەستەی کە بۆ ئەو کارە هیچ سوودێکی نەبوو. بەم چەشنە بزووتنی جەستە لەگەڵ حەنجەرە دا هاوڕا و هاواهەنگ بوو. دەبینین کاری ئینسانە سەرەتاییەکان، واتە کارە خاوەن کێش و نەزم و تەرتیب دارەکانیان، دوولایەنی هەبوو: لایەنی جووڵە و بزووتن و لایەنی دەنگ. لایەنی بزووتن و جووڵە هەڵپەرکێی لێکەوتەوە و لایەنی دەنگیش مۆسیقای پێکهێنا. سەڵای کار بووبە گۆرانی و دەنگی وێك کەوتنی ئامراز و کەرەستەکان بوون بە هۆی پێکهاتنی ئامێرەکانی مۆسیقا. دوای لێکترازانی هاوشێوە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگا و جیابوونەوەی نەزەر و کردەوە، هەڵپەرکێ، مۆسیقا و شێوەکاری تووشی لێك هەڵوەشان بوون، هەرکامە و ڕێگای خۆی گرتە پێش. کاری حەرەکەتی لە کاری بەقسە و نەزەری جیا بۆوە

مۆسیقای سەرەتایی لە دووبەش پێك دەهات. ڕواڵەت و مادە، کە ڕواڵەتەکەی بوو بە مۆسیقایەکی رووت و مادە کەش، یان ناوەرۆکە کەی بە گۆرانی. هەرچەند شێعر و مۆسیقا و چۆپی و شێوەکاری لە بابەتی بەکردەوەی ژیان جیابوونەوە، دیسانیش وەك وەگەرخستنی ئیش و یەکەم هەنگاوی کار رۆڵیان گێرا و شتێکیان بە مرۆڤ بەخشی کە پێداویستیەکی زۆری پێی بوو: نەزم و هاواهەنگی، چ لە شوێنی سرووشتی و کۆمەڵ و چ لە دنیای زەین دا. گشت ئەو هونەرانەی کە بە هونەرە جوانەکان ناوزەد دەکرێن وێنەیەك لە نەزم و هاواهەنگی بەئینسان دەبەخشن هەستکردن بە نەزم و تەرتیب چێژبەخشە. چون دەرخەری زاڵ بوونی مرۆڤ بەسەر سرووشت دایە. کاتێك کۆمەڵێك



بۆ گەیشتن بە مەبەستێك، یان لابردنی مەترسیەك، بەیەکەوە کاردەکەن، ئەم نەزمە پێك دێ و هەست پێدەکرێ. مەیلێکی هاوشێوە لە گشتیانا دروست دەبێ و بەرێوەبردنی کاری بەکۆمەڵ ئاسان دەکاتەوە. بەڵام ئەو گوروپە دوای گەیشتن بە مەبەست و لاچوونی مەترسی، بەتەواوی ئەرخەیان نییە چون بەردەوام روودانی سەر لە نوێی مەترسی و لاچوونی هەل و مەرجی خوازراو لە ئارادایە. کەوایە ئامادەگیەکی دایمی پێویستە و لایەنی ڕەوانی ئەم ئامادەگیەش بە هۆی مەیلێکی هاوشێوەی بەکۆمەڵەوە، کە سەرچاوە گرتوو لە هونەرەکانەوەیە، دابین دەبێت. چۆپی و گۆرانی تایبەت بە کارە جۆراوجۆرەکانی وەك: ڕاو، شەڕ، چاندن، دروێنە و هیتر بە هۆی مەیلێکی هاوشێوە، کە لە هەموانیدا هەڵدەخرێنێ، دەبێتە هۆی ئەوەی بەردەوام ئەم کۆمەڵە ئامادەی زاڵ بوون و خەبات دەکات.ئەم بەرهەمە هونەریانە پێکهاتەیەکی ساکار و ناوەرۆکێکی لە دڵ نزیك و گشت پەسندیان هەبووە و سەرنجی چینێکی گەورەی کۆمەڵ، کە چینی بێبەش و زەحمەتکێش و زۆرلێکراویان پێدەهێنا، بوون بەشی تاکی کۆمەڵ، واتە کەمینە، بەهۆی مەوداگرتن و دوورکەوتنەوە لە ڕاستەقینەی بەکردوە، بەرهەمگەلێك دەخولقێنێ کە لە گەڵ کردەوەی کۆمەڵگا دا هیچ پەیوەندییەکی نییە و خاڵی لە رۆحێکی بە کۆمەڵ و واقعگەراییە. بەرهەمی ئەم چینە بە هۆی دوورە پەرێزی و جیابوونەوە لە ژیانی بەکردەوەی کۆمەڵگا و خزانە کونجی تەنیایی و مەیلە تاکە کەسیەکان، بە جێگای دەربڕینی» ئێمە«ی کۆمەڵگای سەرەتایی، «من»ی تاك و تایبەت بەرجەستە دەکات. لەم ڕێگایەوە دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە کەسایەتی، شێوەی بیرکردنەوە و سەبك و سلوکی ( ژیانی هونەری ) هەر کەسەو جێگا و شوێن و پێگە چینایەتییەکەی، دیاری دەکا. لە ڕاستی دا لە نێو هەر چینێك دا سەبك و شێوەیەکی گشتی فەرمانڕەوایی دەکات و تا زەمانێکی کە ئەم چینە گیرۆدەی ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی نەیەت ئەم سەبکە هەروا پابەرجایە و درێژە بە بوونی خۆی ئەدات. بەڵام کاتێکی کە چینێك تووشی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دەبێت هەل و مەرج و پێداویستی گەلێکی نوێ دێنە ئاراوە و بە دوایدا بیر و ئەندێشەیەکی تازە بابەت لە زەینی ئەندامانی چینەکەدا، لەوانە کۆمەڵی هونەرمەندان، سەر هەڵدەدات. دیارە دەربڕینی ئەم ئەندیشە نوێیانە لە چوارچێوەی فۆڕمە کۆنە هونەریەکاندا ناگونجێ و بەم چەشنە سەبك و شێوە تووشی ئاڵۆزی دێت و ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. واتە هونەرمەند هاوتەریب لەگەڵ ئەندیشە تازەکان دا فۆرم گەلێکی نوێ ئیرایە ئەدات. یانی سەبك و شێوەیەکی نوێ پێك دێنێ. بەم پێیە بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە ڕەنگە لە سەرەتاوە بە نەزەر بگات کە ئاڵوگۆر لە سەبك و شێوەی تاکە کەس و تایبەتی دایە. سەرچاوە و ڕیشەی ئەم ئاڵوگۆڕە، گشتی و چینایەتیە و بە بێ گەڕانەوە بۆ مێژووی تێکهەڵچون و دژایەتیە چینایەتیەکان، شیاوی بەیان کردن نیە. لەم رووەوە بابەتی سەبك شناسی لەڕاستی دا ژێرمەجموعەی کۆمەڵناسی هونەرییە و بەبێ سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، لێکدانەوەی کارێکی نەشیاوە. هۆی ئەوەی کە سەبك شناسی لە سەدەکانی ڕابردوودا کارێکی ئەتۆی لە دەست نەهاتوە ئەمەیە کە پێشینیان ئاورێکی وایان لە لایەنە کۆمەڵایتیەکانی سەبك و شێوەکارەکان نەداوەتەوە و ناچارەن بۆ دەربڕینی جیاوازی نێوان سەبکی کەس و سەردەمەکان، دەستەواژەگەلێکی وەك( ئیلهام) (موهیبەت) و (نبوغ) یان، کە چە مك گەلێکی گوماناوی و هەلێنجراون و نازانستیان، بە کار دێنا

لە سەردەمی ئێستا دا سەبك شناسی هێشتا نە چۆتە چوارچێوەیەکی نیزاممەندی زانستییەوە و خاوەن ڕەوشێکی توێژینەوەی دیاریکراو نییە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە لایەکەوە سەبك شناسی بەرین ترین و ئاڵۆزترین شاخەی کۆمەڵناسی هونەری یە و مەفهوم و چەمکی سەبکیش توخم گەلێکی ڕواڵتی و مەعنەوی زۆر لەخۆ دەگرێ. لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵناسی هونەری، بە هۆی مەودایەکی کە لە ژیانی بەکردەوەی گرتوە، بە ڕادەی باقی شاخەکانی دیکەی کۆمەڵناسی گەشەی نەکردوە و یەجگار زۆر تازەیە

لەسەردەمی ئێمە دا کۆمەڵێك لە توێژەران هەوڵیان داوە بۆ دۆزینەوەی ڕیشە کۆمەڵایەتیەکانی هونەر و دانش لە شێوازە زانستیەکان کەڵك وەربگرن و لە ئاکامیشدا ژومارەیەك لەو زانایانە توانیان هەنگاوی زۆر باش، لەم پێناوەدا، بنێن. بەڵام ئەمەش هێشتا نەیتوانیوە ببێتە هۆی بەدیهاتنی ڕێبازێك بۆ ڕێکخستنی نەزەریەیەکی زانستی کامڵ سەبارەت بە سەبك شناسی

ئێستا ئێمە لە سەردەمێك دا دەژین کە ڕیزبەندیە چینایەتیەکان بەتەواوی روون بوونەتەوە و چینی دەسەڵاتدار، واتە ئەو کەمینە مشەخۆرەی کۆمەڵگا، گشت کەرەسە و ئامرازەکانی خستۆتە خزمەت بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە. و بە هەموو شێوەیەك دەیەوێ و لە هەوڵدایە ئەو بەشەش لە هونەر، کە سەر بە چینی ژێردەستی کۆمەڵگایە و ڕەگەیەکی لە سەرکێشی و دەستەمۆ نەبوون تێداماوە، ڕام بکات و بە نێوئاخن کردنی فەزایەك لە بێ هیوایی و خوڕافە و گۆشەگیری، لە ناوەرۆکە ناڕازی و سەرکێشەکەی داتەکێنێ، و چینی بەرهەمهێن واتە کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی زۆرلێکراوی کۆیلەی نەزمی سەرمایە لەم چەکەی بێبەش بکات و بەم کارەی هەنگاوێکی تر خۆی و دەسەڵاتەکەی لە هەڵدێری نەمان دوورتر بخاتەوە

***

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٣٨ -نیوەی دووەهەمی خەزەڵوەری ١٤٠٢ - نوامبر ٢٠٢٣

## به بۆنەی ۱۰۶امین ساڵڕۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبری ۱۹۱۷ای ڕوسیه

# ئیران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە ئەزموونە بەنرخەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبری ۱۹۱۷ هەیە

ن. بێهروز ناسری

٧ نوامبر ڕێکەوتی ١٦ی خەزەڵوەر، ١٠٦ مین ساڵگەردی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبری ١٩١٧ ڕوسیەیە. لە بارودۆخی سیاسی- ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێستا بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران، جارێکی دیکە پێویستە بەشەرییەت لەسەر شۆڕشێکی وەک شۆڕشی ئۆکتۆبر تەئکید بکاتەوە و بڵێین کە ئینسان و کۆمەڵگای ئەو سەردەمە پێویستی بە شۆڕشێکی ڕزگاریبەخش هەیە. شۆڕشێک لە دژی هەر چەشنە ستەم و چەوسانەوەیەک، شۆڕشێک بۆ ڕزگاری، ئاسایش، ئاشتی و ئینسانیەت. واتە شۆڕشێکی سۆسیالیستی پشتبەستوو بە هێزی بەرینی کرێکاران و زەحمەتکیشان، شۆڕشێک کە لە هەنگاوی یەکم دا هەموو ئازادیەکی بێ شەرت و مەرج لە کۆمەلگا دا زەمانەت بکات؛ شۆڕشێک کە تێیدا ئازادی تاک مەرجی ئازادی کۆمەڵگا بێت

شۆڕشی ئۆکتۆبر لە بواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی دا گەلێک دەسکەوتی بە نرخی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد؛ بەربلاوترین ئازادییە سیاسییەکان، مافی ڕێکخراوبوون، مافی یەکسانی ژن و پیاو، کار و دابین کردنی بیمەی بێکاری و باقی بیمەکانی نەخۆشی، مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان، دابینکردنی مەسکەن بۆ هەمو دانیشتووانی کۆمەڵگا و گەلێک دەستکەوتی تری بەنرخ

ئەمڕۆ لە کاتێکدا یادی شۆڕشی مەزنی ئوکتوبر دەکینەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئێرانیشەوە وەکوو گۆشەیەک لە جیهانی ئەمڕۆ گەلێک نائینسانی بەرێەوە دەچێت و ئەو بارودۆخە بە هیچ شێوەیەک تەحمول ناکرێ. شەڕ، کوشتار ، وێرانی، قەیرانی ئابووری سیاسی و کۆمەڵایەتی، سەرکوت ؛ هەژاری؛ ستەم و هەڵاواردن و بێ ماف کردنی ئینسانەکان لە سەرەتاییترین مافەکانیان، ئەمانە نەهامەتی گەلێکن کە بەداخەوە ئاسایی بونەتەوە فەلەستین بۆ نموونە بۆتە گۆڕەپانی ململانێ لە نێوان دەوڵەتی داگیرکەر و مەزهەبی ئیسرائیل و گرووپە ئیسلامییەکان؛ شەڕێکی بەردەوام کە ساڵەهایە درێژەی هەیە؛ لە ٧ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ کە حەماس هێرشی بردە سەر شارۆچەکانی نزیک لە نەواری غەززە، تا ئێستا لە ئاکامی ئەو شەڕە کۆنەپەرەستانەیەدا جگە لەوەی کە ئامانجی حەق تەڵەبانەی نەتەوەی ستەم لێکراوی فەلەستین لە لاین هێزێکی کونەپەرەستی ئیسلامی وەکوو حەماسەوە چەواشە کراوە؛ زیاتر لە ١٥٠٠ ئیسرائیلی کوژراون، لەو لاشەوە دەوڵەت و ئەرتەشی ئیسرائیل هێرشی کردە سەر شاری غەززە و تا ئیستا زیاتر لە ١٤٠٠٠ کەسی مەدەنی، کە زۆربەیان منداڵ بوون کوژراون و زیاتر لە ٦٠ لەسەدی شاری غەززە وێران و لەگەڵ خاک یەکسان کراوە. ئەوەی کە لەو نێوەدا دەوڵەتی ئیسرائیل و گرووپە ئیسلامییەکان بایەخی بۆ دانانێن، گیانی خەڵکی مەدەنی و بێدفاعە گومان لەوەدا نییە کە سیاسەت و کردەوەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین دژی نامرۆڤانەیە و پێویستە کە ئینسانی ئازادیخواز لە سەراسەری دونیا دەوڵەتی ئیسرائیل بە بۆنەی جینۆساید و وێرانکردنی شاری غەززە و هەروەها ستەمێکی دەیان ساڵە کە بە سەر خەڵکی فەلەستینیدا سەپاندووە؛ مەحکووم بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆماری ئیسلامی ئێران و باقی گرووپە ئیسلامیەکانیش کە کوشتاری خەڵکی بێدفاع و مەدەنی بۆیان ئاساییە، پێویستە مەحکووم بکردرێن. ئەوە دوو لایەنی ڕاسترەو و ئیفراتی ئیسلامی و ئیسرائیلین کە تا ئێستا نەیانهێشتووە خەڵکی فەلەستین بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بگەن. هەر بۆیە هەر دووک لا لەمپەری ئەسڵی سەر ڕێگای ڕزگاری خەڵکی فلەستینن چاو لە وەزعی ئێران بکەین. لە ماوەی ٤٤ ساڵی دووای شۆڕشی ١٣٥٧، کۆماری ئیسلامی ئێران دۆزەخێکی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی ژن و پیاو لە گشت ئێران دروست کردووە. لە ماوەی ئەو چوار دەیە و نیوەدا، سەرکوت و فەقیرکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان، داسەپاندنی بێ مافی بەتایبەت لە دژی ژنان و نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران، زیندانی- ئەشکەنجە و لەسێدارەدان و هەر وەها سازکردنی کەش و هەوای وەحشەت بەسەر ئێراندا، تایبەتمەندیەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران بووە. کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لە سەرچاوەکانی پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی و توندڕەو لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە. لەکاتێک دا کە کرێکارانی ئێران و کوردستان لە ئەوپەڕی هەژاریدا دەژین، کۆماری ئیسلامی ئێران بە دەیان میلیارد دۆلار بۆ گرووپەکانی کە سەر بە ئەوانن لە وڵاتانی عێراق، سوریە، لوبنان، فەلەستین و یەمەن، پووڵ و ئەسلەحە و یارمەتی لۆژیستیکی دابین داکات. کۆماری ئیسلامی ئێران فەقیری و بێ مافی و سەرکوت بە سەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی گشت ئێراندا دادەسەپێنێت تا هێزەکانی کە سەر بە ئەوانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هێز بکات. کۆماری ئیسلای ئێران وەک ڕژیمێکی فریوکار و شەڕخواز وتویەتی کە « بۆ ئەوەی کە شەڕ نەیەتە ناو ئێرانەوە، ئەوە ئەوان خاکریزەکانی شەڕ دەبەنە سنوورەکانی سوریە و فەلەستین و وڵاتانی دیکە». ئێستاش دونیا نەتیجەی ئەو هەمووە یارمەتییانەی کە کۆماری ئیسلامی بە حەماس و حیزبوڵڵا و حەشدی شەعبی و هتد... کردوویەتی دەبینێت. چاو لە وەزعی خەڵکی عێراق کەین کە چۆنە؟ چاو لە وەزعی ئەفغانستانیەکان لە ژێر دەستەڵاتی گرووپی مورتەجعی تاڵەبان کەین کە چۆنە؟ شەڕ و ناکۆکی نێوان ئازەربایجان و ئەرمنستان کە زیاتر لە ١٥٠ هەزار ئاوارەی لێ کەوتەوە و و چارەسەریش هەر نەبۆە؛ شەڕی نێوان ڕوسیە و ئۆکراینیش کە هەروا بەردەوامە. یا چاو لە فورسەتتەڵەبی دەوڵەتی فاشیستی ئۆدوغان لە تورکیە بکەین کە چۆن لەو شەرایتەدا کە دونیا بەپەرۆشی چارەنووسی خەڵکی فەلەستینە، کوردستانی ڕۆژئاوا و هێزی دێمۆکراتیکی کوردستانی سوریە بۆمباران دەکات و هێرشی نیزامیان دەکاتەسەر. بە چاوگێرانێکی گشتی بە سەر وەزعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیا دەبینین کە ئەوزاع زۆر تاقەت پروکێن و نائینسانی و غەیری قابلی تەحەمولە. تەواوی ئەو ئەوزاعە دەستکردی ئەمپریالیستەکان و دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی مەنتەقەیە کە بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی خۆیان هەموو ئەو وڵاتانەیان بە ئاگر و خوێن کێشاوە.



یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبر ١٩١٧ی ڕوسیە ئەوە بوو کە کەمترین خوێنی تێدا ڕژا. شۆڕشی ئۆکتۆبر تەجروبەیەکە بۆ بەشەرییەت کە پێیوابێت کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ئابووری- سیاسی و کۆمەڵایەتی بەبێ ئەوە کە خوێنرێژی تێدا بێت ئیمکانپەزیرە. بەڵام بۆ ئەوە کە شۆڕش لە دژی دەوڵەتەکانی سەرکوتگەر و چەوسێنەر بە کەمترین هەزینەی گیانی ئینسانەکان بە سەرئەنجام بگات، پێویستە کە زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگا ئاگاە و یەکگرتوو بن و بزانن کە چییان دەوێت. لە هەمو شۆڕشەکانی کە تا ئێستا ڕوویداوە ئەوە دەوڵەتە دەستەڵاتدارەکان بوون کە بە بەکارهێنانی چەک و هێزی نیزامی شۆڕشوانانیان بە خاک و خوێن کێشاوە. دەنا خەڵکی شۆڕشگێڕ و زەحمەتکێش لە هەموو وڵاتەکاندا ئاشتیخواز بوون و ئێستاش هەر هەمان خەڵکی چەوساوەی کە خوازیاری ئاڵوگۆڕن، هەر ئاشتی خوازن تایبەتمەندیەکی دیکەی شۆڕشی ئۆکتۆبر کە بۆکۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پربایەخ و جێگەی وانە لێوەرگرتنە. ئەوەیە کە پێویستە زۆربەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بێنە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیەوە. خەڵکی چەوساوە بەو وشیاریە بگات کە ئەوە تەنیا خۆیانن کە بە هێزی خۆیان دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن و بۆ ڕزگاربوونیان لە هەر چەشنە ستەم و زوڵمێک پێویستە کە لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا بن. ئەزموونەکانی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبر گەلێک بەنرخ و زۆرن کە دوپاتبونەویان لە شەرایتی مەینەتباری سەرمایەداری ئێستا بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بۆتە مەیدانی کێبەرکێی ئابووری-نیزامی و سیاسی لە نێوان دەوڵەتە سەرکوتگەرەکان دا دەتوانێ کە ئینسانی بەشمەینەت لەو هەموو زوڵم و زۆرییەی کە سەرمایەداران و دەوڵەتە فاسید و سەرکەتگەرەکانیان بەسەر ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش دا سپاندویانە، کۆتایی پێبهێنن. بیر کردنەوە لە شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧، بیر کردنەوەیە لە ڕزگاری لە هەر چەشنە ستەم و چەسانەوە و ڕەگەزپەرەستییەک، بیر کردنەوەیە لە ئازادی و مافی ژیانی ئینسانی بۆ هەر تاکەکەسێک لە کۆمەڵگا، بیر کردنەوەیە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان، بیر کردنەوەیە لە سەروەری و ژیانێکی شیاوی ئینسان، بیر کردنەیە لە دۆستایەتی و هاوپشتی لە نێوان کرێکاران و چەوساوەکان، ژنان و پیاوان و نەتەوەکان. بەهێز بێت ئەڵتەرناتیڤی شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ لە ساڵی ٢٠٢٣ لە ئێران و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

***

# زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی، ئیرادەی خەبات و تێکۆشان بەهێزتر دەکات

ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٤٠٢، گرووپی یەکێتی خانەنشینان، بەیاننامەیەکی لەژێر ناونیشانی «بەیەکەوە و یەکگرتووانە بەر بە پەسەندکردنی یاسای زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی بگرین»، بڵاوکراوەتەوە. لە سەرەتای بەیاننامەکەدا ئەم پرسیارە گرنگە هاتۆتە ئاراوە: «بۆچی دەبێ ئێمە کرێکارانی لەسەرکار و خانەنشینان تاوانی گەندەڵی و دزی و چاوچنۆکی و تاڵانچییەکان بدەین؟». ئەو بەیاننامەیە سەبارەت بە پەسەندکرانی زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی ڕوونکردنەوە دەدات و دەڵێت «یاسای زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی پەسەندکراوەیەکی بەکۆیلە کردنە کە پارلمان و دەوڵەتی سەرمایەداران بەمەبەستی چەوسانەوە و بەدەستهێنانی سوودی زیاتر لەسەر بنەمای زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی کرێکارانی لەسەرکار، پەسەندیان کردووە». زیادکردنی ساڵانی چاوەڕوانی خانەنشینیی، واتە سوودوەرگرتن لە هێزی کاری کرێکاران و کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینی بە بەراورد لەگەڵ ماوەی زیندوو مانەوەی کەسانی خانەنشینکراو. بەواتایەکی تر ساڵانێکی زیاتر کار بکە و ساڵانی کەمتر مووچە وەربگرە. ڕاگەیاندنە بەکرێگیراوەکانی ڕژیم لەم ڕۆژانەدا سەبارەت بە زیادبوونی تەمەنی خانەنشینی، نووسراو و لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بڵاوکرووەتەوە. ئەوان لەسەر ئەو وڵاتانەی کە تەمەنی هیواداربوون بە ژیان تێیاندا لە سەرووی ٨٥ ساڵ و تەمەنی خانەنشینی ٦٥ ساڵە، کۆمەڵێک زانیارییان خستووەتەڕوو بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی لە ئێران. بەداخەوە تەمەنی هیوادابوون بە ژیانی ئەو کرێکارانەی کە زیاتر لە ٤ دەیەیە لە ژێر باری هەژاری و سەرەڕۆیی و چەوسانەوەی لەڕادەبەدەردا ژیان بەسەر دەبەن، هیچ مەعلووم نییە بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕوونکردنەوەیەکی واقیعی سەبارەت بە زیادبوونی تەمەنی خانەنشینی بدرێت. بەڵام تەنانەت لە شێوازی ڕووماڵی ڕاگەیاندنە فەرمییەکانەوە دەکرێت تێبگەین کە زیادبوونی تەمەنی خانەنشینی لە ئێران عادڵانە نییە و دەبێتە هۆکاری خەبات و نارەزایەتی. ئەو ڕاگەیاندنانە، چونکە دەزانن پرسی خانەنشینی پەیوەندی بە هەموو کەسێکی لەسەرکار و ئامادە بەکارەوە هەیە، بە پەنابردنەبەر هەموو چەشنە فێڵ و فریوکارییەک هەوڵیانداوە تا بەردەنگەکانی خۆیان سەبارەت بەو ڕێژە زیادکردنەی کە پارلمان پەسەندی کردووە، تووشی سەرلێشێواوی بکەن و ڕێگەیان پێنەدەن دەستبەجێ لە مەبەستی نامرۆڤانەی کاربەدەستانی دەوڵەت تێبگەن. بەڵام سەرەنجام ناچار بوون لە دوو توێی ڕاپۆرتەکاندا بنووسن کە مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی خەزەڵوەر تەمەنی خانەنشینی، دوو ساڵ زیاد کردووە. بەگوێرەی نووسراوەکانیان زۆرترین تەمەنی خانەنشینی بۆ پیاوان ٦٢ ساڵ و بۆ ژنان ٥٥ ساڵ دیاریکراوە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە بە پێی « بڕگەی یەکەمی مادەی ٧٦ی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی»، ئەو پیاوانەی کە تەمەنیان ٥٠ ساڵە و ٣٠ ساڵ پێشینەی کاریان هەیە و هەروەها ژنانی تەمەن ٤٥ ساڵ و خاوەن پێشینەی ٣٠ ساڵ کار، دەتوانن لە ڕێکخراوی دەستەبەری کۆمەڵایەتی داوای خانەنشینبوون بکەن، بە واتایەکی ڕوونتر کابینەی شکستخواردووی ڕەئیسی تەمەنی خانەنشینی نەک دوو ساڵ بەڵکوو ١٢ ساڵ زیاد کردووە

یەکێتی ئازادی کرێکارانی ئێران ڕۆژی ٣٠ی خەزەڵوەر لە بەیاننامەیەکدا سەبارەت بەم بابەتە نووسی: ڕۆژی ٢٨ی خەزەڵوەر جەماعەتێک لە ژێر ناوی نوێنەرانی خەڵکدا، لە کردەوەیەکی دژە ئینسانی و بە هاوکاری لەگەڵ ئەو تاڵانچیانەی کە ٤٥ ساڵە دەستڕەنجی ئێمە کرێکاران و کارمەندانی زەحمەتکێش لە سندوقەکانی خانەنشینیدا بە تاڵان دەبەن، پەسەندکراوەیەکان لەسەر بنەمای بەرنامەی حەوتەمی گەشەپێدان سەبارەت بە ساڵەکانی کارکردن، بۆ بڕیاری کۆتایی ڕەوانەی شۆڕای نیگەهبان کرد». کابینەکەی ڕەئیسیی جەلاد، وەک داڕێژەری پڕۆژە یاساکە، وادیارە بە مەبەستی یارمەتیدان بە سندوقەکانی خانەنشینی و کۆتاییهێنان بە قەیرانی هەزینە داراییەکانی خانەنشینان، تەرحی زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی خستووەتەڕوو. بەپێی زانیارییەکان، لە کۆی ١٧ سندوقی خانەنشینی لە وڵاتدا ١٥ سندوقیان مایەپووچ بوون یان لە لێواری مایەپووچبووندان. کاربەدەستان دانی حەقی کەمیی بیمە لەلایەن کرێکارانەوە وەک هۆکاری ئەم مایەپووچبوونانە ڕادەگەیەنن و بەم بیانووەوە تەمەنی خانەنشینییان زیاد کردووە. ئیسماعیل گەرامی، هەڵسووڕاوی کرێکاریی خانەنشینکراو کە ڕۆژی ٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٢ بۆ چەندەمین جار دەستگیرکرا، سەبارەت بەم بابەتە نووسی: «کێشەکە لەوەوە سەرهەڵدەدات کە حکوومەتی مافیایی، وەک بانبانک لەسەر بەڕێوەبردن و سامانی ڕێکخراوی دەستەبەری کۆمەڵایەتی نوستووە». کۆمیتەی تەکنیکی بەدواداچوون بۆ داواکارییە سنفییەکانی خانەنشینانی کیشوەری و لەشکریش لەم دواییانەدا جەختی لەوە کردبووەوە کە سەرچاوەی مایەپووچبوونی ئەو سەندووقانە دەگەڕێتەوە بۆ کێشە ئابوورییە گەورەکانی وڵات و دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سەرچاوە و سامانی ئەم وڵاتە. هەڵسووڕاوێکی خانەی کاریگەر لەم بارەیەوە دەڵێت، ئەگەر قەرزەکانی حکوومەت بدرێتەوە بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی، پێویست بە تەرح و پێشنیاری لەم چەشنە نییە. ئەو هەروەها وتی، ئەگەر سوودی بانکیی قەرزەکان حساب بکەین، بڕەکەی زیاتر دەبێت لە خودی قەرزەکە، بەڵام بەداخەوە لەبەرئەوەی دانەوەی قەرزەکە بەدەست دەوڵەتە، بەدواداچوونی بۆ ناکەن

لە دۆخێکی ئاوادا پێویستە چی بکرێت؟ لە بەیاننامەی گرووپی یەکێتی خانەنشیناندا لەم بابەتەوە هاتووە:" خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و ئازادی کرێکاران و زەحمەتکێشان پەیوەستە بە هەڵوەشاندنەوەی یاسا دژە کرێکارییەکان و دەخالەتی ڕاستەوخۆی چینی کرێکار لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، کە ئەوەش تەنیا لە ڕێگەی دروستکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی چینایەتی و بەهێزکردنی هاوپشتی و هاوخەباتی چینایەتییەوە مسۆگەر دەبێت و کرێکاران نابێت کەمترین هیوایان بە دەسەڵاتداران هەبێت. ئەوە زۆر ڕاستە وەدەکرێ ئەوەشی پێوە زیاد بکرێت کە کۆماری ئیسلامی بە زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی و هەرزانکردنی هێزی کار و دەرچوون لەژێر باری دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بە هەموو تواناوە لە لەبەرامبەر خەڵکدا ڕاوەستاوە. ئەم پرسە دەتوانێت زەمینەی سەرهەڵدانی نارەزایەتی بەربڵاوتر لە نێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا خۆش بکات و شەپۆلی بزووتنەوە داخوازی تەوەرەکان وەڕێ بخات. لەمڕووەوە جەختکردنەوە لەسەر پێویستی ڕێکخراوبوونی هەرچی زیاتری کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی شار و گوندەکان، چ لە شوێنەکانی کار و چ لە شوێنی ژیان، گرنگییەکی تایبەتی دەبێت. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر دروشمی یەکگرتووانەی «دابینکردنی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە و گشتگیر مافی بێ ئەملاو و ئەولای جەماوەرە»، دەتوانێت بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوە داوخوازی تەوەر و ئابوورییەکان لە ڕیزێکی یەکگرتووانەدا ڕێک بخات

***



پێشـــڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ئێدیتۆر:

ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان

Add:

Sulaymaniyeh - Rizgari st

Tel: 00964-7701567854

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:

Tel: 0046-738041917

تەلەفزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە

Yahsat 1A 52.5E

Ferq: 12149

SymbolRate: 27500

Fec : Auto

www.tvkomala.com

ڕادیۆکان

بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# ڕۆژی جیهانی منداڵان و ڕژیمە منداڵکوژەکانی ئێران و ئیسرائیل



ڕۆژی دووشەممە ٢٠ی نوامبر بەرامبەر لەگەڵ ٢٩ی خەزەڵوەر، «ڕۆژی نێونەتەوەیی منداڵان» بوو. کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٥٩ جاڕنامەی جیهانی مافی منداڵانی پەسەند کرد و داوای لە دەوڵەتەکان کرد کە ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانی منداڵان بەفەرمی بناسن. ڕۆژی جیهانی منداڵان لە کاتێکدایە کە ئەرتەشی تاوانکاری ئیسرائیل لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا نزیکەی پێنج هەزار منداڵی لە کەرتی غەززە کۆمەڵکوژ کردووە. جینایەتێکی ئاوا ترسناک لە مێژووی جیهاندا بەم قەبارەیە و لە ماوەیەکی ئاوا کورتدا، کەم وێنەیە. ئەمە جینۆسایدێکی ئاشکرایە کە لە بەر چاوی جیهان و بە چاوپۆشی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕوودەدات. لە ڕاستیدا ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە نەک هەر ڕێز لە مافەکانی منداڵان ناگیرێت و منداڵان لە سەرتاسەری جیهاندا دەچەوسێنەوە و بە شێوەیەکی وەحشیانە بەکاردەهێنرێن، بەڵکوو لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماسدا گیانیشیان بووەتە ئامرازی تۆڵەسەندنەوەی کوێر کوێرانەی فاشیستی و ڕەگەزپەرستانە. هەروەها ڕۆژی جیهانی منداڵان لە بارودۆخێکدایە کە ڕژیمی ئیسلامی، قەتڵی زیاتر لە ٧٠ منداڵ و تازەلاوی خوار ١٨ ساڵ تەمەنی لە سەردەمی «شۆڕشی ژینا» و لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، لە کارنامەی خۆیدا تۆمار دەکات. هەر لەو ماوەیەدا و لە هەوڵێکی جینایەتکارانەدا بەمەبەستی چاوترسێن کردنی تازەلاوان و کۆمەڵگا بەگشتی، بە گازی ژەهراوی هێرشیانکردە سەر سەدان قوتابخانەی کچانە لە سەرانسەری وڵات و هەزاران منداڵیان ژەهراوی کرد. ئەم جینایەتە ترسناکانە لە دۆخێکدا ڕوودەدەن کە لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چەندین ملیۆن منداڵی بنەماڵە کرێکار و کەم داهاتەکان لە خوێندن بێبەشن. منداڵان بە شێوازی جۆراوجۆر دەکەونە بەر ئەزیەت و ئازار و هەرئێستاش لە هەندێک لە قوتابخانەکاندا منداڵان سزای جەستەیی دەدرێن. زیندانەکانی ئەم ڕژیمە پڕن لە منداڵانی خوار ١٨ ساڵ تەمەن و ئێران تاکە وڵاتی جیهانە کە تیایدا منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ تەمەن لە سێدارە دەدرێن. لە قوتابخانەکاندا بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ئامانجدار مێشکی منداڵان بە خوڕافات ئالوودە دەکەن. منداڵان بەپێی ڕەگەز لەیەکتر جیا دەکرێنەوە. ڕۆحی پیاوسالاری لە کوڕاندا و ملکەچبوون و گوێڕایەڵیش لە کچاندا بەهێز دەکەن. کچانی کەم تەمەن هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی خوێندنەوە دەبێت سەرپۆش بەسەردا بدەن و خۆیان لە کوڕانی هاوتەمەنیان جیابکەنەوە و فێری ئەوە دەکرێن کە یاریکردن و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کوڕان کارێکی خراپە. هاوکات لەگەڵ حیجاب و بێبەشکردنی کچان و کوڕان لە یاریکردن لەگەڵ یەکتر، ئاموزشی ئایینی دەست پێدەکات. کتێبەکانی خوێندن پڕن لەو جۆرە فێرکاریانە و منداڵان ناچارن لە تەمەنێکی کەمەوە نەریتە ئایینییەکان بەڕێوە ببەن و بەشداری لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا بکەن. بەم شێوەیە ڕێگە نادەن کە منداڵان بەدەر لە باوەڕ و خوڕافاتی مەزهەبی، پەروەردە بکرێن و فێری زانست بن و ئیمکانی ئەوەیان هەبێت کە لە داهاتوودا بە هۆشیارییەوە بیروباوەڕ و شێوازی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن. لە قوتابخانەکاندا مەراسیمی «تەکلیف» بۆ کچانی تەمەن ٩ ساڵان بەڕێوە دەبەن و هانی منداڵەکان دەدەن بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکەن. ئاخووند و فەقێ و بەسیجی دەنێرن بۆ قوتابخانەکان بۆ ئەوەی ڕۆحی سیخوڕبوون لەناو منداڵاندا پەرەپێبدەن. لە قوتابخانەکاندا دەستە و گروپی سینەزەنی و مەراسیمی ئاینی و شتی لەم چەشنە وەڕێدەخەن منداڵێکی کە لە کۆمەڵگایەکی گیرۆدەی خوڕافاتی ئایینی و دواکەوتوویی دا پەروەردە ببێت، ئیمکان و دەرفەتی سەردەمی منداڵیی و بە خۆشی ژیانی لێ زەوت دەبێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەری بیر و باوەڕە دواکەوتووەکان و باری ڕۆحیی و میزاجیی ناهاوسەنگ دەبێت و دبێتە خاوەن ڕەفتار و کردارێکی نائاسایی و ئەنگیزەیەکی زۆر لاواز بۆ فێربوون. ئەم جۆرە منداڵانە بە شێوەیەکی سروشتی گەشە ناکەن، ئاواتە شیرینەکانی منداڵییان بەدی نایەت و کاریگەری و لێکەوتەکانی کەموکوڕی سەردەمی منداڵیی، تا کۆتایی تەمەنیان لەگەڵیان دەبێت. خۆشگوزەرانی و ئەمنییەتی منداڵان پێوەرێکی سەرەکییە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر حکومەت و سیستەمێکی سیاسیی و حکومەتی ئیسلامیش لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە نامرۆڤانەترین سیاسەتی لە ئاست منداڵاندا بەکارهێناوە. ناردنی منداڵان بۆ مەیدانەکانی مین لە شەڕی ئێران و عێراق، بەکارهێنانی منداڵانی سەرباز لە شەڕدا، کەڵک وەرگرتن لە منداڵان لە ڕێوڕەسمە ماتەمینییەکاندا و خوێناویکردنی جەستەیان بە کارد و زنجیر و بەکارهێنانی منداڵانی بەسیجی بۆ سەرکوتکردنی خەڵک، هەمووی ئەمانە لە زومرەی تاوانە لەبیرنەکراوەکانی کۆماری ئیسلامین لەدژی منداڵان کە دەکەونە خانەی چەمکی تاوان لە دژی مرۆڤایەتییەوە

***

لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا
@Komalamedia
@Komala

ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
Tvkomala.com

ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام
Payaam.net

ماڵپەڕە حیزبیەکان
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com

# هەوڵدان بۆ مانەوە لە ڕووی داماوییەوە

## هەڵسەنگاندنی هاوبەشی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران(ڕاهی کاریگەر) و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

یەکەم:جینایەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژی فەلەستین لە کەرتی غەززە بەشێوەیەکی دڕندانەی لەوەسف نەهاتوو هەروا بەردەوامە. قوربانیانی ئەم ئەو وەحشیگەرییە ١٤ هەزار کەسی تێپەڕاندووە. زیاتر لە پێنج هەزار منداڵ گیانیان لەدەست داوە و پتر لە ٥٠ هەزار کەسیش بریندار بوون. لە ئاوا دۆخێکدا ئەو چەند نەخۆشخانەیەش کە ماونەتەوە لە هێرشی فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی ئیسرائیل پارێزراو نین. هەزاران بریندار لە کاتێکدا کە بە دەست ئێش و ئازارەوە دەناڵێنن، چاوەڕێی مردنی بەشێنەیی خۆیان دەکەن. تا ئێستا ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار کەس لەم باریکەیەدا ئاوارە بوون و لە هیچ شوێنێک پەناگەیەک شک نابەن. خەڵک دەستیان بە ئاوی پاک ڕاناگات و مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییە عفوونییەکان لەنێو ئاوارەکاندا پەرەی سەندووە. دەوڵەتی ئیسرائیل کەرتی ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردنیشی کردووەتە گۆڕەپانی جینایەتەکانی خۆی لەدژی خەڵکی فەلەستین. لە ٧ی ئۆکتۆبەرەوە تا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ فەلەستینی بەهۆی هێرشەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر کەمپەکانی پەنابەران لە کەرتی ڕۆژئاوا کوژراون. لە دۆخێکی ئاوادا وەستانی ٤ ڕۆژەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە لەچاو ئەو هەموو جینایەت و کاولکارییە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر سارێژکردنی برینی قووڵی سەر جەستەی ئەو خەڵکە نابێت. جگە لەوەش باس لەوە دەکرێت کە ئەو کەسانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەردانی ماڵەکانیان بکەن و بزانن چی بەسەر ماڵەکانیاندا هاتووە، لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە تەقەیان لێدەکرێت. کۆتاییهێنان بە ئۆپەراسیۆنی ئەرتەشی ئیسرائیل و ڕاگرتنی هاویشتنی موشەکەکان لەلایەن حەماسەوە، یەکەم هەنگاوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ڕەنج و کارەساتەی کە بەسەر خەڵکی غەززەدا هاتووە. تاوان لە دژی مرۆڤایەتی لە غەززە لە کاتێکدا بەردەوامە کە کارەساتی جینۆساید لە فەلەستین ویژدانی وەخەبەر هاتووی جیهانی خرۆشاندووە. لە چەند هەفتەی ڕابردوودا شاهیدی گەلێک نارەزایەتی بەرینی کۆمەڵایەتی بووین لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان. بە ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهان هاتوونەتە سەر شەقامەکان و خوازیاری ڕاگرتنی دەستبەجێی ئەو شەڕە و کۆتاییهاتن بە کۆمەڵکوژیی لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بوون. لەو ڕووەوە کە ئەگەر دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و بەرپرسانی دەوڵەتە عەرەبییە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە نە دەیانەوێت و نە دەتوان دەوڵەتی ئیسرائیل ناچار بکەن ئەم جینۆسایدە ڕابگرێت، هیچ ڕێگەیەکی تر نییە جگە لەوەی کە کۆمەڵانی خەڵکی شەریفی ناوچەکە و سەرانسەری جیهان، دەوڵەتەکان بخەنە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی دەست لە پاڵپشتی ئاشکرا و شەرمێونانە لە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل هەڵبگرن و دەوڵەتی ئیسرائیل بخەنە ژێر گوشارەوە. کوشتاری خەڵکی غەززە لە لایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە تەنیا بە دروستبوونی ئیرادەیەکی جیهانی دەتوانرێت ڕابگیرێت

دووەم - ٢٥ی نوامبر ڕۆژی خەبات لەدژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانە. ئەم دیاردە دڵتەزێنە یەکێکە لە بەئازارترین شێوازە باوەکانی سەردەمی کۆن، کە نیزامی سەرمایەداری سەدەی بیست و یەک هۆکاری مانەوەیەتی و تا ئێستاش لەسەر شانی مرۆڤایەتی قورسایی دەکات. ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش، چ وەک ڕژیمێکی بەرگریکاری بەربەرییەتی سەرمایەداری و چ وەک ڕژیمێکی کە ئایینیشی وەک ئامرازێک بۆ سەپاندنی هەرچی زیاتری ئەو پەیوەندییە دژە ئینسانیانە بەکار دەهێناوە، پێشەنگی هەموو حکومەتەکانی جیهانە لە ئەنجامدانی ستەم و جینایەت لە دژی ژنان. ئەم ڕژیمە بە کەڵک وەرگرتن لە مەزهەب وەک ئامرازێکی ئیدئۆلۆژیک و پشتبەستن بە کولتووری دواکەوتووانەی پیاوسالاری، هەڵاواردن و نابەرابەری جێندەری و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانی کردووە بە دیاردەیەکی یاسایی و ئاسایی. ژنانی ئێران لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا، هاوشانی چینی کرێکار، زۆرترین ستەم و مەینەتی و نەهامەتییان لە دەست ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەرکەوتووە. کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا زۆر هەوڵیدا بە پشتبەستن بە بیروباوەڕی ئایینی، باوەڕ و نەریتە ڕزیو و گیانسەختەکان، سەپاندنی گەلێک یاسا و ڕێسای پشتبەستوو بە مەزهەب و سەرکوتی وەحشیانە، ستەم لەسەر ژنان بکاتە باوەڕێکی دەروونی و بەو قەناعەتەیان بگەیەنێت کە ژێردەستەیی خۆیان وەک پرسێکی ئاسایی قبووڵ بکەن، بەڵام لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو. هەر هەوڵێکی سەرکوتگەرانە و سووکایەتیکردن بەرامبەر بە ژنان، گڕگانی ڕق و بێزاری ئەوانی بڵێسەدارتر کردووە. ئەگەر تا دوێنێ، لە هەر شوێنێک بزووتنەوە و خەباتێک لە ئارادا بوویێت، ژنان ڕۆڵێکی بەرچاویان تێدا گێڕاوە. ئەمڕۆ لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا ژنانی ئازادیخواز زنجیری کۆیلایەتیان پچڕاندووە و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیان خستووەتە لەرزین. چاونەترسی و خۆڕاگری بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سەرکوت و ترس و تۆقاندن کاریگەرییان نەماوە. ئەگەرچی ئەم جێگە و پێگەیە بە ئاسانی بەدەست نەهاتووە و لە ماوەی کەمتر لە یەکساڵدا خوێنی سەدان ژن و پیاوی گەنجی لەپێناودا ڕژاوە، بەڵام دەستکەوتەکانی گەیشتووەتە ئاستێک کە چیتر پاشەکشەی پێناکرێت و ئەم شۆڕشە فەرهەنگییە بە تەواومانایە هەموو هەوڵ و ڕێوشوێنەکانی کۆنەپەرستانی ئیسلامییان لەگەڵ شکست بەرەوڕوو کردووەتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش هێشتا تا گەیشتن بە ڕزگاری یەکجاریی، پێویستمان بە هەڵگرتنی هەنگاوی گەورەتر هەیە. تەنیا بە خەباتێکی ڕێکخراو و یەکگرتووانە و بەشداریی بەربڵاوی چین و توێژەکانی ژنانی چەوساوە و ستەمدیتوو و هەروەها ئەو پیاوانەی کە مانەوە و بەردەوامبوونی ئەم ستەمگەرییە بە گوشارێکی ئازاردەر و پێشێلکردنی ئاشکرای کەرامەتی ئینسانیی خۆیان دەزانن، دەکرێت هەر لە ئێستاوە پیاوسالاری و نیزامی سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا تا ڕادەیەکی زۆر ناچار بە پاشەکشە بکرێت و ژینگەیەکی ئەمن تر لەناو ماڵ و پەیوەندییەکی ئینسانی لەناو کۆمەڵگادا و کەشێکی ئەمن تر لە شوێنی کار، بۆ ژنان دابین بکرێت. بەڵام بێ گومان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، سەرەنجام تەنیا بە ڕزگاربوون لە کۆت و بەندی سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی نیزامێکی سۆسیالیستی دەتوانێت ئەم نەنگە لە داوێنی خۆی بسڕێتەوە

سێهەم - لە کاتێکدا کە ڕژیمی ئیسلامی لە قەیرانی قووڵی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا نوقم بووە و زۆربەی خەڵکی ئێران ڕۆژانە لەگەڵ بێکاری، هەژاری و برسێتی دەست و پەنجە نەرم دەکەن، بەرپرسانی کۆنەپەرستی ئەم ڕژیمە هێشتاش پرسی ئازادی ژنان بە یەکێک لە گەورەترین ئاڵەنگارییەکانی بەردەم خۆیان دەزانن. ئەوان هەر جار نا جارێ، بە هێنانەگۆڕیی تەرح و بەرنامەی کۆنەپەرستانەی وەک تەرحی "عیفاف و حیجاب"، "تەرحی مەحرەم سازی قوتابخانەکانی کچان"، تەرحی "گونجاندنی فەزای پەروەردەیی"، جیاکردنەوەی کچان و کوڕان لە قوتابخانەکاندا و حەسارکێشی جێندەری پارکەکان و هتد□، هەوڵ دەدەن هەموو گۆڕەپانە کۆمەڵایەتییەکان بکەنە زیندانێکی ڕاستەقینە بۆ حزووری ژنان و فراوانکردنی مەودای جیاکاری جێندەری لە کۆمەڵگادا. نوێترین حاڵەتی تەرحی کۆنەپەرستانەی لەو چەشنە هەفتەی ڕابردوو لە قسەکانی ڕەزا مورادسحرایی وەزیری پەروەردەدا پەردەی لەسەر لادرا. ناوبراو وتی، "پێویستە کتێبە دەرسییەکانمان بەجۆرێک بنووسینەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕەگەزی کچان و کوڕان و بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە بە نیازە کتێبی خوێندنی جیا بۆ قوتابیانی کچ و کوڕ ئامادە بکات. بێ گومان ژن و پیاوە تێکۆشەر و ئازادیخوازەکانی ئێران وەک هەمیشە تەسلیمی پلان و فێڵ و فریوی کۆنەپەرستانەی ڕژیمی ئیسلامی نابن و بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی خۆیان هەر چەشنە نەخشە و پلانێکی کۆنەپەرستانە و تاڵەبانیی ئەم ڕژیمە لەگەڵ شکست و ناکامی بەرەوڕوو دەکەنەوە. ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە بۆچی کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکدا کە نە تەنیا مەشروعیەتەکەی، بەڵکوو تەنانەت بنەمای دەسەڵاتەکەشی لەلایەن زۆربەی هەرەزۆری ئەم کۆمەڵگایەوە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە و لە گێژاوێکی تووندا گرفتارە، پەنا دەباتەبەر تەختە شکاوێکی لەم چەشنە بۆ ئەوەی خۆی لە خنکان ڕزگار بکات؟ وەڵامەکەی ڕوونە. ڕژیمی ئیسلامی لە بواری کۆمەڵایەتیدا هیچی لە هەگبەدا نەماوە. هەربۆیە بە گوشار خستنەسەر ژنان و سەرکوتکردنی خەباتی بەرابەری تەڵبانە و ئازادیخوازانە، هاوکات دەیەوێ دوو ئامانج بپێکێت: یەکەم، دەیەوێت لە نێو دواکەوتووترین و کۆنەپەرست ترین چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا جێگە و پێگەیەک بۆخۆی دەستەبەر بکات و پێیان بڵێت: "وەک ڕژیمێکی ئیسلامی"، هێشتاش بوونی هەیە و " ئامانجی دووەمی بریتییە لە چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا بەگشتی و سەرکوتکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا. بەڵام دەسەڵاتدارانی ئیسلامی، ئەمڕۆ بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و سەرلێشێواوانە، شاهیدی شکستی یەک لەدوای یەکی هەوڵەکانیانن و بە ناچاری پەنایان بردووەتەبەر دوایین ئامرازەکانیان، واتە سەرکوتی بەتەواو مانا و سەرەڕۆیانە

چوارەم- حەوتووی ڕابردوو لە چەندین ناوەندی نەوت و گاز و پترۆشیمی لە باشوور، لەوانە پترۆشیمی چابەهار، شیرکەتی وەبەرهێنانی نەوت و گازی ئاغاجاری، شیرکەتی نەوتی "فەلاتی قارە" لە دوورگەی خارک، شیرکەتی نەوتی "فەلاتی قارە" لە سیری و شیرکەتە نەوتییەکانی



ئەهواز، مانگرتن و ،کۆبوونەوەی نارەزایەتی بەڕێوەچوو. هەروەها خانەنشینانی بەشی فەرهەنگی و پەیوەندییەکانیش لە نزیکەی ٢٠ پارێزگا دەستیاندایە ڕێپێوان و کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوەبرد. لە کاتێکدا هەموو هەفتەیەک ڕۆژانی یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممە، بەشە جۆراوجۆرەکانی خانەنشینانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی لە زۆرێک لە شارەکان دێنە سەرشەقام، بەرپرسانی ڕژیم هیچ وڵامێک بە داواکارییەکانیان نادەنەوە، لە هەمان کاتدا دام و دەزگا ئەمنییەکانی ڕژیم بێکار دانەنیشتوون و لە بانگهێشتکردن و لێپرسینەوە و هەڕەشەکردن لێیان غافڵ نابن. بەڵام ئەو هەڕەشە و گوڕەشانە تا ئێستا نەیتوانیوە خانەنشینە مافخوازەکان ناچار بکات کە واز لە بەدواداچوونی مافە پێشێلکراوەکانی خۆیان بێنن. خانەنشینان و مووچەخۆران چەندین جار لیستێک لە داواکارییەکانیان ڕاگەیاندووە، داواکاریگەلێکی کە لانیکەمی پێداویستییەکانی مرۆڤ دابین دەکات. کرێکارێکی خانەنشین کە بە فرۆشتنی هێزی کارەکەی بە نرخێکی هەرزان، بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆی تێپەڕ کردووە، مافی خۆیەتی ئەو چاوەڕوانییەی هەبێت کە لە دوایین ساڵەکانی ژیانیدا بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی، جارێکی دیکە ناچار نەبێت ببێتەوە کۆیلەی کرێگرتە و دوا ساڵەکانی تەمەنی لە بەشە نافەرمیەکاندا بەسەر ببات. زۆربەی هەرەزۆری خانەنشینەکان لە زومرەی هەژارترین کەسانی کۆمەڵگای ئێرانن و زۆرینەی ڕەهای ئەوان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. نارەزایی خانەنشینان لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆیدا نەک هەر تەنیا نارەزایەتییەکی سنفی نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا خەباتە لەپێناو باشترکردنی ئەو هەلومەرجەی کە لە داهاتوویەکی نەک زۆر دووردا لەبەردەم کرێکاران و فەرمانبەرانی ئەمڕۆدایە. ملیۆنان کرێکار وێنەی داهاتووی خۆیان لە ڕووخساری خۆیاندا دەبینن و ئەم وێنە کارەساتبارە نە شایستەی خانەنشینانە و نە شایستەی ئەو کەسانەشە کە سبەی ڕۆژ دەکەونە دۆخێکی لەو چەشنەوە. پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە حکوومەتی ئیسلامی بە پەسەندکردنی تەرحی ١٢ ساڵ بردنەسەرەوەی تەمەنی خانەنشینی و درێژکردنەوەی بۆ ٦٢ ساڵ بۆ پیاوان و ٥٥ ساڵ بۆ ژنان بە بیانووی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئیفلاسی سندوقەکانی خانەنشینی کە لە ئاکامی بە تاڵان بردنی ٣٥٠ هەزار ملیارد تمەن لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە، تووشی قەیران بوون، دەستدرێژی بۆسەر مافی کرێکارانی لەسەرکاریشی خستووەتە دەستووری کاری خۆیەوە. ڕێک لەم گۆشەنیگایەوە داواکاری خانەنشینان داواکارییەکن کە بەستراوەتەوە بە چارەنووسی دەیان ملیۆن کەس لەم کۆمەڵگایەدا و هەروەها هەر لەم گۆشەنیگایەوەیە کە هاودەنگی و پشتیوانی بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، مامۆستایان، خوێندکاران، ژنان و ژینگەپارێزان لە خانەنشینان، گرنگییەکی تایبەتی دەبێت. زاڵبوون بەسەر ئەو پرشوبڵاوییەی ئێستای بزووتنەوەی خانەنشینان و یەکخستنی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانیان و هەماهەنگی بزووتنەوەی خانەنشینان لەگەڵ بزووتنەوە ئازادیخواز و مافخوازەکانی دیکە، پێویستییەکی بەپەلە و هەنووکەییە. شەرمەزاری بۆ ئەو ڕژیمەی کە بەم شێوەیە تەنگی بە ملیۆنان خانەنشین هەڵچنیوە و ناچاریان دەکات لە تەمەنێکدا کە دەبێ سەردەمی بەساڵاچوونی خۆیان بە ئارامی تێپەڕ بکەن، بۆ بەدەستهێنانی ماف و داخوازییەکانیان بێنە سەرشەقام

پێنجەم- جگە لە بردنەسەرەوەی تەمەنی خانەنشینی، ڕادەستکردنی پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ١٤٠٣ لەلایەن حکومەتەوە بە پەرلەمان و ئاشکرابوونی ناوەڕۆکەکەی، ئاماژەیە بۆ شۆکێکی توندی ماڵیاتی بۆسەر کۆمەڵگا. کەمبوونەوەی پشکی نەوت لە بودجەدا و زیادکردنی پەنجا لەسەدی پشکی باجەکان کە قورسایی باجی لە بودجەدا گەیاندووەتە ٦١٪ و ڕاگەیاندنە دەوڵەتییەکان بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەری شۆکە ماڵیاتییەکەی، ناوی «داهاتە جێگیرەکانیان» لەسەر داناوە، کۆمەڵگا تا ڕادەیەکی زۆر ڕێکدەخات. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەسەڵات سەرەڕای ئیدیعاکانی، پشتی لەژێر گوشاری گەمارۆکاندا چەماوەتەوە و توانایی فرۆشتنی نەوتی نییە. تەنانەت بڕیار وابوو کە پشکی ئەرتەش و سپا لە فرۆشتنی نەوت بە شیرکەتە یاساییەکانی هێزە چەکدارەکان دابین بکرێت. بودجەی ساڵی داهاتوو بە زیادبوونی ٢٨ لەسەدی لە بەرامبەر هەڵاوسانی ٤٣ لەسەدی دا، بە کردەوە بە واتای زگهەڵگوشین و بودجەیەکی بچووککراوەیە کە پشکە سەرەکییەکەی، دەبێت خەڵک لە ڕێگەی باجەوە بیدات. بودجەی ساڵی داهاتوو بە زیادبوونی ٢٨ لەسەدی لە بەرامبەر هەڵاوسان لە حاڵەتی کەمبوونەوەی وەبەرهێنان، لە چوارچێوەی هەڵاوسان و گەشەی نەرێنی ئابووریدا، سیاسەتگەلێکی لەم چەشنە دەتوانێت بوارەکانی بەرزبوونەوەی هەرچی زیاتری هەڵاوسان و سەرەنجام گرانتر بوونی کاڵا سەرەکییەکانی بەدواوە بێت. لەسەر بەستێنی ئەم هەڵاوسان و گرانییە لەڕادەبەدەرە کە بریتییە لە وەرگرتنی باجی ڕاستەوخۆی دەوڵەت لە خەڵک، قورسایی ٤٠٪ی باجەکان بە دەستبردنی تاڵانچیانەی دەوڵەت بۆ گیرفانی بەتاڵی خەڵک دادەنرێت. دەسەڵاتێکی کە توانایی دۆزینەوەی چارەسەرێکی بۆ ڕێگریکردن لە داڕمانی ئابووری نییە، بە سەپاندنی باجی زیاتر بەسەر چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا و وەرنەگرتنی باج لە کۆمپانیا و دامودەزگاکانی سەر بە حکوومەتی وەلایەتی، دوژمنایەتی خۆیان لەگەڵ خەڵک بە ئاشکرا نیشان دەدەن. ئەم دەسەڵاتە سەرەڕۆیە بە سەرکوتی حەقدەستەکان و بردنەسەرەوەی تەمەنی خانەنشینی، هەرزانکردنی هێزی کار و شانەخاڵیکردنی دەوڵەت لەژێر باری دابینکردنی کۆمەڵایەتی، بە هەموو تواناوە لەبەرامبەر خەڵکدا وەستاوەتەوە. ئەم بابەتە دەتوانێت ببێتەهۆی سەرهەڵدان و نارەزایەتی هەرچی زیاتر لە نێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و شەپۆلی بزووتنەوە داواکارییەکان بخاتەڕێ. لەمڕووەوە جەختکردنەوە لەسەر پێویستی ڕێکخراوبوونی زیاتری کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی شار و گوندەکان، چ لە شوێنەکانی کار و چ لە شوێنی ژیان، گرنگییەکی تایبەتی دەبێت. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر دروشمی یەکگرتووانەی «دابینکردنی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە و گشتگیر مافی بێ ئەملاو و ئەولای جەماوەرە»، دەتوانێت بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوە داوخوازی تەوەر و ئابوورییەکان لە ڕیزێکی یەکگرتووانەدا ڕێک بخات

بڕووخێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی
سەرکەوتوو بێت شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران
بژی ئازادی، دیموکراسی و سۆسیالیز

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران(ڕاهی کاریگەر)**

**شەممە ٤ی سەرماوەزی ١٤٠٢ / ٢٥ی نوامبری ٢٠٢٣**

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٣٨ -نیوەی دووەهەمی خەزەڵوەری ١٤٠٢ - نوامبر ٢٠٢٣



# گوتاری ژن، ژیان، ئازادی و پێویستی سەردەمی ئێمە!

ئەگەرچی هێشتا بە تەواوی ڕوون نییە کە حەماس چۆن توانی ئاوا هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، بەڵام هەرچی بێ ئیمکانی ئەوە فەراهەم بوو کە شەڕێک بێتە ئاراوە، شەڕێکی کە پێدەچێت پێوست بوو تا لانیکەم یارمەتی بدات نەزمێک لە بێ نەزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێ بگرێ و هەڕەشەکان لە سەر ئەم نەزمە پەراوێز بخات. بەڵام هەرچی بێ سەرئەنجام ئەم شەڕە کۆتایی پێ دیت، چوون دۆخەکە ناخوازێ ئەم شەڕە بۆ ماوەیەکی نادیار درێژەی پێ بدرێت. لە لایەک، غەززە وێران بووە و ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزاری هەر ئەوەندەیش کە هەبوو لەناو چووەوە، ژومارەیەکی زۆر ئینسان بوونەتە قوربانی کە دەوترێت بە هەزاران منداڵ لە نێو قوربانییەکاندان. بەرد لە سەر بەرد نەماوە و لەڕاستیدا ئیتر غەززە هێزی نەماوە، لە لایەکی ترەوە، دەوڵەتی ئیسرائیل دوای ئەم کارەساتە مرۆڤییە و دوای ئەم کاولکارییە ئەستەمە لە ژێر گوشاری بیروڕای گشتی تەنانەت کە لە ناوخۆی ئیسرائیلیش دا خۆی بگرێت. ئەم شەڕە جیا لەوەی کە چۆن دەستی پێکرد و مەبەست لە دەستپێکردنی چی بوو، ئاسەوارە تاڵ و دزێوەکانی بەڕاستی جگە لە شەرمەزاری بۆ هەر دوو بەرەی شەڕەکە دەسکەوتێکی تری نابێت. وەک هەر شەڕێکی تر، لەوانەیە مەبەستی لایەنەکانی شەڕ ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت بەڵام قوربانی هەمیشە یەکە، لەم شەڕەدا ئەوەی کە لەو ماوە کورتەدا لە غەزە ڕوویدا برینێکی قووڵی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار کرد، هەر بۆیە سبەی ڕۆژی دوای شەڕ هیچ سەرکەوتنێک بۆ هیچ لایەنێک تومار ناکرێت. دوای شەڕ نە حەماس و گرووپە ئیسلامییەکان چی دی دەتوانن خۆیان بە داوای ڕەوای خەڵکی فەلەستینەوە هەڵواسن و نە کاولکاری و ئەو جەنایەتانە دەتوانێ دەوڵەتی دەستی ڕاستی ئیسرائیل بە بیانووی دیفاع لەخۆی دەرباز بکات. کە وابوو کاتێک هەوری ڕەشی شەڕ لادەچێ، ئەوکات کاتی لێپرسینەوە دێتە ئاراوە، خۆڵقینەرانی ئەم شەڕە دەبێ لە بەرامبەر خەڵکی خۆیان، ناوچەکە و هەموو جیهان، بەرابەر بە مێژوو ولامدەرەوەی ئەو کردەوە جەنایەتکارانەیە بن کە لەم شەڕەدا هینایانە سەر شانۆ. بێگومان خەڵکی ئیسرائیل لە نەتانیاهۆ و دەوڵەتەکەی کە ئەم هەموو جەنایەتەیان خوڵقاندووە هەروا بە ئاسانی خۆش نابن. چوون دەکرا جیا لە شەڕ لە ڕێگای ئاشتییەوە مافی خەڵکی فەلەستین بسەلمێنن و ڕێگا خۆش نەکەن بۆ سەرهەڵدانی گرووپە ئیسلامییەکان لە فەلەستین. زۆر ئیحتمالی هەیە کە دوای ئەم شەڕە، خەڵکی ئاشتیخوازی ئیسرائیل دەوڵەتی دەستی ڕاستی و ڕەگەز پەرەستی ئیسرائیل وەلابنین و مەجال بۆ سەرهەڵدانی ڕەوتی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین فەراهەم بکرێت لێپرسینەوە تەنیا دەوڵەتی جەنایەتکاری ئیسرائیل ناگرێتەوە، حەماس و لەوە بەر فەروانتر ئەو گوتارە سیاسییەی کە حەماس پەیڕەوی دەکات واتە گوتاری ئیسلامی سیاسی دوای ئەم شەڕە دەبێ چاوەڕوانی هەرەس هێنانی خۆی بکات. ئیسلامی سیاسی بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەیە، ئیستا لە فەلەستین لە ستەم و جەنایەتەکانی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئیسرائیل و پشتیوانی هاوپەیمانانی لە ڕۆژئاوا هێز وەردەگرێ. بەڵام ئەم ڕەوتە تەنیا بە غەززە لە فەلەستین نەوەستاوە و وەک ویرۆسێک تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی گرتۆتەوە. ئەم ڕەوتە چۆن توانێ لەم ناوچەیە هێز بگرێ؟ دیارە زۆر فاکتەر دەخالەت دەکەن بەڵام لە ڕاستیدا یەکێک لە فاکتەرەکان حاسڵی سیاسەتی ئامریکا و ڕۆژئاوایە. ئیسلامی سیاسی ئامرازی ڕۆژئاوا لە دەورانی شەڕی سارد و هەروەها ئامرازی تێکشکاندنی بزوتنەوەی ڕادیکاڵ و پێشکەتنخوازانە لە ناوچەکە بوو. ئامرازێک بوو کە دوای هەرەس هینانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بۆ بەرگرتن بە سەرهەڵدان و بەهێز بوونی هێزی چەپ و ڕادیکاڵ هاتە ساحەی سیاسییەوە. کۆماری ئیسلامی نموونەی بەرچاوی ئاوا سیاسەتێک بوو. دوای ڕاپەڕینی خەڵکی ئیران بۆ بەرگرتن بە هێزی چەپ و پێشکەوتنخواز، یارمەتی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی درا تا دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت، گەیشتن بە دەسەڵاتی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتێکی وەک ئێران یاریدەدەر بوو بۆ ئەوەی ئەم ڕەوتە لە ناوچەکە گەشە بکات. ڕەوتێکی کە هەر لە سەرتای سەر هەڵدانییەوە تا ئێستا و دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامی، دیارە وەک ئاڵترناتیڤێک لە ناوچەکە بۆ پەیڕەوکردنی بەرژەوەندی سەرمایە، بێجگە لە شەڕ و ماڵوێرانی و کوشت و بڕ و نائەمنی نانەوە لە ناوچەکە هیچی تری بۆ خەڵک بەدواوە نەبووە و ئێستا بووە بە کۆسپێک لە سەر نەزمێک کە ئامریکا و ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا بە دوایدان. شەڕی غەززە یەکێکە لە مەیدانەکانی ئەم دوو ڕەوتەیە بۆ هەژموونی سیاسی بەسەر ناوچەکەدا ئەگەرچی هیشتا ناکرێ بە قەتعییەتەوە باس لە ئاکامەکانی ئەم شەڕە بکرێت بەڵام بە هەموو دەرئەنجامە خوێناویەکانییەوە، هەندێک نیشانە دەرکەوتوون کە پێمان دەڵێت جیا لە چارەنووسی دەوڵەتی ڕەگەزپەرەستی ئیسرائیل کە دەبێ تاوانی ئەم هەموو جەنایەتانە بداتەوە، کز و لاواز بوونی ئیسلامی سیاسی و لەوە گرنگتر سەرهەڵدانی گوتاری ئاڵترناتیڤ دەتوانێت دوای شەڕ چاوەڕوان بکرێت.

لەم نووسراوەدا زۆرتر ئەم نیشانانە یان کز و لاواز بوونی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە دۆخی کۆماری ئیسلامیدا کۆ کراوەتەوە، ئەگەرچی دەتوانێ لەوەش بەرفراوانتر بێ و سەرئەنجام، ئاماژە بە پێویستی سەرهەڵدانی ئاڵترناتیڤی تر لە ناوچەکەدا دەکرێ سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین کە کۆماری ئیسلامی وەک هێزێک لە دەسەڵاتی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، لە تێگەیشتنی لە هاوسەنگی هێز لە جیهان و ناوچەکەدا بۆ خواستی لە ناوبردنی ئیسرائیلەوە کە هەر لە سەرەتاوە کردەبووی بە ئامانجی سیاسی خۆی، دەرکەوت لە جێگای خۆیدا نەبووە. کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٤ ساڵ لە جیهانی ئیسلام دا خۆی لە پێشەنگی لەناوبردنی ئیسرائیل داناوە، بۆ ئەم مەبەستە لە هەموی ئەم ساڵانەدا نانی لە سفرەی خەڵکی ئێران بڕی تا بەرەی موقاومەت لە ناوچەکە بۆ ئەم مەبەستە ڕێک بخات و ئیمتیازی پێوەربگرێ و نەیارانی خۆی پێ سەرکوت بکات، بەڵام لە کاتی خۆی کە مەرجەکان هاتنەدی پاشەکشەی کرد و تەنها بە هێندێک پروپاگەندەی فریوکارانە خۆی دزییەوە. دەکرێ ئەوە باس بکرێت کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەم شەڕەدا «عەقڵانییە»!! و ڕێگر بووە لە تەشەنەسەندنی شەڕ و زیان گەیاندن بە خەڵکی ئێران، بە ئیحتمالی زۆر ئەویش بەم لێکدانەوەیە هیوادار و دڵخۆش دەبێ. بەڵام ئەم سیاسەتە لەڕووی هیچ عەقڵانیەتێک و لە بەرچاوگرتنی ژیان و لێکەوتە زیانبارەکانی شەڕ بۆ خەڵکی ئیران نەبووە و نییە، چوون بۆخوی لە شەڕێکی بەردەوامدایە لە گەڵ خەڵکی ئێران، هۆکاری یەکەم ترسی لە هێزە بکووژ و تێکدەرەکانی وەک خۆی بوو، هێزی بەرامبەر وەک ئیسرائیل و ئامریکا و ڕۆژئاوا وەک بزووتنەوەی دەست بەتاڵی ژن-ژیان-ئازادی نەبوو کە بە گوللەی جەنگی سەرکوت بکرێ، یان منداڵانیان بکوژرێ و کوێر بکرێن و یان هەڵسوڕاوانی ئەم بزوتنەوەیە لە سێدارە بدات، یان بیانگرێ و زیندانیان بکات. ئەوان بە زمانی خۆی قسەیان لەگەڵ دەکرد. دووهەم و لەوە گرنگتر، ترس لە هەمان شەڕی ناوخۆیە کە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی وەک ئاڵترناتیڤێک هاتۆتە ئاراوە کە نەمان و فەوتاندنی ئەم دەسەڵاتەیان هێناوەتە دەستورەوە. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆدا لەوە دڵنیا نەبوو کە ئەم خەڵکە لە پشت سیاسەتەکانی کۆ ببنەوە. هەر ئەوەی کە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستین نەیتوانی شەقامی شارەکان بجولێنێت، دەرخەری ئەم ڕاستییەن. خەڵکی ئێران بە گشتی خۆیان بە هاوچارەنوسی خەڵکی فەلەستین دەزانن و لە مافی خەڵکی فەلەستین دژی داگیرکاری دیفاع دەکەن، بەڵام لە دژایەتیکردن لە گەڵ سیاسەتی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕاستیدا بۆ لەباربردنی داوای خەڵکی فەلەستینە، داڕێژراوە، بە پێچەوانەی زور شوینی تر بە شێوەیەکی بەرچاو نەهاتنە سەر شەقام تا نەبن بە ئامرازی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە. بێگومان قسە ئەوە نییە کە کۆماری ئیسلامی خۆی لەم شەڕە بدات کە جگە لە کاولکاری بۆ خەڵکی ئێران هیچی دیکەی بە دوواوە نابێ، قسە لەسەر داڕمانی سیاسەتێکە کە کۆماری ئیسلامی ٤٤ ساڵە نانی لێ دەخوات و ئاشکرا بوونی ئەم سیاسەتەیە

کۆماری ئیسلامی لە ٢٧ی خەزەڵوەردا دەنگی بە بڕیارنامەی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا. ئەم بڕیارنامەیە جگە لە داوای ئاگربەستی مرۆیی، پرسی ناکۆکی چارەسەری دوو دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستینیشی هێنایە ئاراوە. دەنگدان بە قازانجی ئەم بڕیارنامەیە بە واتای ملکەچبوونی زۆرەملێ بۆ واقیعی ناوچەکە و ڕوانگەی وڵاتانی دیکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاو لی ئەکرێ. چەقۆی زەمەن و مێژوو کاری خۆی کرد و سەرسەختترین و گەمژەترین سیستەم تەسلیمی ئەم واقیعە بوو. بە پەلە شاندی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەم پێوەندییەدا ڕوون کردنەوەیەکیان دا کە گۆیا کۆماری ئیسلامی ئێران کێشەی لەگەڵ بەشێک لەم بڕیارنامەیەدا هەیە و لەگەڵ سیاسەتە بنەڕەتی و دیاریکراوەکانی وڵاتەکەمان بەرامبەر بە فەلەستین ناکۆکە.... تەنانەت ئەم ڕوونکردنەوەش ناتوانێ دوورە پەرێزی کۆماری ئیسلامی بشارێتەوە. کۆماری ئیسلامی لەمەوبەدوا ناتوانێت خۆی وەک تاکە لایەنگری عەمەلی و ڕاستەقینەی خەڵکی فەلەستین کە هیچ، تەنانەت گرووپە ئیسلامییەکان لە فەلەستین و لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی ناوچەکەش نیشان بدات جگە لەمە، وتاری ڕێبەری حیزبوڵڵای لوبنان، کە گرنگترین باڵی سەربازی کۆماری ئیسلامییە لە ناوچەکەدا، ئاوی پاکی ڕشتە سەر ئەو هیوایەی کە حیزبوڵڵا بەرەیەکی نوێ بکاتەوە و ڕوون بووەوە کە هیچ لەم ئیمامزادەش سەوز نابێت. هێرشە پرشوبڵاوەکانی هێزەکانی دیکەی بە ناو بەرەی موقاومەت هیچ لەم ڕاستییە ناگۆڕێ. بەمجۆرە کردەوە عەمەلییەکانی کۆماری

درێژە لە لاپەڕەی٩

# گوتاری ژن، ژیان، ئازادی و پێویستی سەردەمی ئێمە!

درێژە لە لاپەڕەی ٨ـەوە

ئیسلامی و جیاوازی ئاشکرای لەگەڵ ئەۆ دروشمانە کە تا ئێستا بانگەوازی بۆ دەکرد، شکست بە حیساب دێن، ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی هەوڵ ئەدات بە هەرا و هوریا کردن لە سەر خەڵکی فەلەستین ئەم شکستە لە بیروڕای گشتی ناوچەکە بشارێتەوە. بەڵام لەمە بە دواوە کۆماری ئیسلامی چ قسەیەکی دەبێ بۆ لایەنگرانی لە ناوچەکە؟ چ پاساوێک بۆ ئەو دروشمە سەرەکییەی خۆی کە هەموو نوێژی جومعەیەک دەیڵێتەوە واتە «مەرگ بۆ ئیسرائیل و مەرگ بۆ ئامریکا»، دەهێنێتەوە؟ ئایا لایەنگرانی ناخاتەوە بیری ئەوەی کە، تا کەی دروشمی ئاوا بی بنەما و بێ پشتیوانی بڵێنەوە؟ هەر بۆیە ئەم شکستە لە داهاتودا دەبێتە هۆی لەبەریەک هەڵپچڕان و پاسیڤبوونی هێزەکانی. ئەگەر دوای بزووتنەوەی ژینا گورزێکی قورسی لە پایەکانی سیستەم و شەرعیەتەکەی کەوت، ئەمجارەش دوای شکستی سیاسەت و کردەوەی عەمەلی ڕژیم لە ڕووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ شەڕی غەززە گورزێکی قورسی دیکەی لە شەرعییەتی دەکەوێ و بێ ئیعتبار تر دەبێ تەنانەت لە جیهانی ئیسلام و لە ئاستی ناوچەکەشدا، ئەم هێزانە خۆیان بە هەر شێوەیەک بێت دەگەنە ئەو ئەنجامە لە کاتێکدا پشت بە سیستمێکی ئاوا فریوکارانە دەبەستن ئایا هێشتا دەبێت چاوەڕێی ڕوودانی شەڕێکی تر بکەن؟ بە دڵنیاییەوە بەشێکی زۆر خۆیان لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە ڕزگار دەکەن یان پاسیو دەبن و پەراوێز دەکەون و ئەمجارە ڕێگا بۆ سیاسەتی ئاشتی و ئارامی و پێکەوەژیان لە ناوچەکە زۆرتر فەراهەم دەبێ شکستی سیاسەتی دەرەوە و پڕۆژەی قووڵایی ستراتیژییەکەی پایەکانی سیستەم و سیاسەتداڕێژەرانی دەهەژێنێت و دەبێتە هۆی کز و لاواز بوونی لە ناوخۆشدا، ئەگەر سەرهەڵدانی بزووتنەوە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی فراوانتر و قووڵتر دوور لە چاوەڕوانی نییە، لە هەمان کاتدا دەبێ بزانین هەر ئەم شکستە دەتوانێت ببێتە هۆی چڕبوونەوەی سیاسەتی سەرکوتکردن لە ناوخۆدا. کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی لادان و پەردەپۆشکردنی ئەم شکست و تۆڵەسەندنەوەیە پەنا بۆ چڕکردنەوەی سەرکوت و پەرەپێدان بە کەشوهەوای ترساندن و تۆقاندن دەبات. هەر لەو ماوەدا دەستی لە هیچ جینایەتێک نەپاراستووە. پەتی سێدارە هەروا هەڵواسراوە، گرتن و ئەزیەت و ئازار بەردەوامە و هەڕەشە لە خەڵک بۆ داسپاندنی دواکەتوانەترین یاساکانی سەردەمی جاهلیەت بەردەوامە. ئیتر ئێستا دەبێ ئەمە بۆ زۆر کەس ڕوون بێ کە کۆماری ئیسلامی تەحەمولی هیچ ڕەخنەیەک ناکات بۆ ئەوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە شیوازی بزوتنەوەی جەماوەری سەرهەڵنەداتەوە. هەر لەم پەیوەندییەدا سیاسەتی هەرچی زیاتر یەکدەستکردنی خۆی فراوانتر دەکات کە نیشانەکانی لە بەڕیوەبردنی نمایشی هەڵبژاردنی مەجلیس دا دیارن. بازنەی ئەوانەی لە دەسەڵاتی یاساییدا تواونەتەوە بەرتەسکتر دەبێتەوە و بەمجۆرە دیواری بێمتمانەیی نێوان خەڵک و حکومەت بەرزتر دەبێتەوە. شکستی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی تەنیا لە ناوخۆدا کاردانەوەی نابێ، لە هەمان کاتدا لاوازبوونی هێزەکانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەی بە دواوە دەبێ و دەتوانێت هێزە ئاشتیخوازەکانی ناوچەکە و تەنانەت لە ناوخۆی ئیسرائیلیش بەهێزتر بکات. عەقڵانییەت لە ئاستی جیهانیدا سەرهەڵدەدات و مژدەی ئاسۆیەکی گەش دەدات. خۆپیشاندانی ڕق و بێزاری لەدژی شەڕ و هاوار بۆ ئاشتی لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان دەبینرێت. مرۆڤایەتی باجێکی




زۆری داوە بۆ گەیشتن بەم ئاستە لە حیکمەتی بەکۆمەڵی جیهانی. کوشتنی هەزاران کەس و کاولکاری و ئاوارەبوون و کوشتنی باوەڕپێنەکراوی منداڵان لە غەززە بەشێکن لەو تێچووە مرۆییە. پێویستە ئەم هۆشیارییە دەستەجەمعییە بەرز بنرخێنین، ئەمە تاکە ئامرازی ئازادیخوازان و ئاشتیخوازانە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شەڕخوازان و بەبەشی خۆمان دەبێ بەهێزی بکەین ئەوەی ڕاستی بێت، کۆماری ئیسلامی لە گوتار، لە سیاسەت و ئابووری و فەرهەنگ و ئەخلاق دا گێشتووەتە ئاخری خەت، ئەمرۆ ڕزگاربوون لەدەست دەسەڵاتێکی کە تەنیا بە هێزی سەرکوت خۆی لەسەرپێ ڕاگرتووە هاتۆتە دەستووری کاری خەڵکی ئیرانەوە. ئەم ڕژیمە ئەگەر بتوانێ بۆ ماوەیەکی تر تا بناغەکانی گوتاری ژن، ژیان ،ئازادی خۆی دەگریت، دەوام بێنێت، زۆر ئاشکرایە کە داوی شەڕی غەززە ئیتر توانایی بڵاوکردنەوەی ژەهری بیر و بۆچوونی خۆی لە ناوچەکەدا نامێنێ، ئەم گوتارە لە ململانێ لەگەڵ بەرژەوەندی ڕۆژئاوایی ژێر ئاڵای دێموکراسی و مافی مرۆڤ حاسڵەکەی ئەوە بووە کە لە غەززە بەرچاو دەکەوێت، هەموو کەسێک دوای شەڕ بیر لەوە دەکاتەوە کە ئارمانی فەلەستینی بووەتە قوربانی ئەم ململانێیە و بەرژەوندی خوازی هەر کامەیان. دوای ئەم شەڕە هەراوهوریای قوڵایی ئیستراتژیک دەڕووخێ، ئەگەری ئەوەی کە دەسەڵات لە ناوەڕۆکدا فەشل بینێ و ئیتر توانایی بەربەرەکانێی لەگەڵ ڕق و قینی خەڵک لەدژی خۆی نەمینێ زۆرە. دیارە قسە ئەوە نییە کە کۆماری ئیسلامی و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ناوچکەدا دوای ئەم شەڕە دەستبەجێ دەڕووخێ و لە ناودەچێ بەڵام ڕەوتی کز و لاواز بوونی دەستی پێکردووە. کە وابوو ئەگەر لە ناوەڕۆک دا ڕووخا، بە ڕواڵەتیش دەرنگ یا زوو دەڕوخێت لەم دۆخەدا گوتاری ژن، ژیان، ئازادی، تەنیا وڵامی خەڵکی ئیران بە پێداویستی سەردەم و نەگونجابوونی گوتارەکانی تر لەگەڵ ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکی بندەستی ناوچەکە نەبوو، بەڵکوو ئەم بزوتنەوەیە وەک گوتاری ئاڵترناتیڤ زۆر مومکینە سەراسەری ناوچەکە دابگرێت کە لە لایەک ئیسلامی سیاسی لە شیعە و سوننەوە، ژیانی لێ تاڵ کردوون و لە لایەکی ترەوە گۆتاری درۆینەی دێموکراسی و مافی مرۆڤی ڕۆژئاوا جگە لە قووڵ بونەوەی ژیانی بندەستی، هیچ ئاکامێکی تری بۆیان نەبووە. ئاڵۆزی لە ناوچەکە و ململانێی ڕەوتە جیاوازەکان لە ڕاستیدا بەرگرتن بە سەرهەڵدانی ڕەوتی ئاڵترناتیڤە و هەر کامە لە دونیا بینی خۆیەوە هەوڵی هەژموونی سیاسەتەکانی خوی ئەدات، بەڵام یەک شت نابێ لە بیر بکرێ ئەویش ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە وڵاتێکی وەک ئێران، قورسایی زۆرتری لە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵک هەیە، لەمڕووەوە گوتاری ژن، ژیان، ئازادی لە پێشدا دژایەتی کردن لەگەڵ ئەم ڕەوتە بە ئەرکی خۆی دەزانێت هەربۆیە ژن هاتووەتە مەیدانەوە و بە هاتنەمەیدانی ژن لە نێو جەرگەی کار و ژیانیش، مەیدان بۆ ئیسلامی سیاسی و پیاوسالاری بەرتەسک دەبێتەوە. ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە وڵاتانی ئیسلامی وەک عەربستان و قەتەر و ئیمارات دەبینین تەنیا لەم ڕوانگەوە دەکرێ خویندنەوەی بۆ بکرێ و تەنیا بۆ ئەوەیە کە دەزانن بەر بەم گوتارە ناگیردرێت و دەیانهەوێ تا دەتوانن وەدوای بخەن، بۆیە سەرجەم ئاسۆیەکی ڕوون لە ناوچەکە بەدی دەکرێ کە لە ژێر تیشکی ئەم ئاسۆیەدا دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە کێشەکانی ناوچەکە لەوانە کێشەی خەڵکی فەلەستین و کێشەی خەڵکی کورد لە ڕێگایەکی گونجاو بۆ سەلماندنی مافی ئینسانی چارەسەر بکرێ. بەڵام ڕوونە کە ئەم ئاڵوگۆڕانە ئاسان بەدی نایەت بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە گەلێک زلهێزی دونیای سەرمایەداری چاویان تێبڕیوە. لە لایەکی ترەوە ئەوە ڕاستە کە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ناوەڕۆکدا بێ مایە بووە بەڵام ئەم دێوەزمەیە بە ئاسانی ساحەکە چۆڵ ناکات و لە ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەخالەت دەکات. کەوابوو ئاسۆ هەرچەندە ڕوونە بەڵام ڕێگاکە ئاسان نییە. کۆتایی شەڕی غەززە لەوانەیە دەستپێکی کۆتایی گوتاری ئیسلامی سیاسی بێ و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتیش دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، گوتارێکی گشتگیر بۆ ڕزگاربوون لە دەست دواکوتوترین بیروباوەڕی سەردەم بە دیاری بێنێت

***

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 438- Nov 2023

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# پەراوێزنشینان، کوانووی سەرهەڵدانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی داهاتوون

پەراوێزنیشینی هاوکات لەگەڵ شێوازەکانی تری دیاردەی هەژاری و دەستەنگی لە ئێران، بە خێرایی خەریکە پەرەدەسێنێت. بە وتەی موجتەبا یۆسفی، ئەندامی کۆمیسیۆنی ئاوەدانی پەرلەمانی ئێران، «پەراوێزنشینان» نزیکەی یەک لەسەر چواری دانیشتوانی ئێران پێک دەهێنن. دکتۆر ناسر ڕەزایی، یەکێک لە یاریدەدەرانی وەزارەتی نیشتەجێبوون و شارسازی، ئەم ژمارەیە بە ٢٥ ملیۆن کەس خەملاندووە. پەراوێزنشینان، بریتین لەو هاووڵاتیانەی کە بەهۆی وشکەساڵی یەک لە دوای یەک و گوشاری هەژاری و بێکاری و بێبەشبوون لە سەرەتاییترین ئیمکاناتی ژیان، لە گوند و شارۆچکەکانیان هەڵدەکەندراون و ڕوویان لە شارە گەورەکان کردووە و لە پەراوێزی شارە گەورەکان نیشتەجێ بوون. بەڵام بە وتەی یاریدەدەری وەزارەتی نیشتەجێکردن و شارسازی، لە ساڵانی ڕابردوودا لە ڕووداوێکی نوێ و لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە و زەوی و نەبوونی توانایی دابینکردنی خانووبەرە، خەڵک لە ناوەندی شارەکانەوە ڕوو دەکەنە پەراوێزی شارەکان، کە ئەمەش بووەتە هۆی پەرەسەندنی پەراوێزنیشینی. کەسانێکی کە بەم شێوەیە ناچار بە پەراوێزنیشینی بوون، لە شوێنی نیشتەجێبوونی ناستاندارد و نایاساییدا، بێبەش لە ئیمکاناتی سەرەتایی وەک ئاو، کارەبا، گاز، خزمەتگوزاری تەندروستی و گواستنەوە و هتد... بە ناوەکانی زۆراباد، حەسیراباد، حەڵەبیاباد، موفتاباد، یافتاباد، یاغچیی ئاباد و زۆر شتی تری لەم شێوەیەدا ژیان بەسەر دەبەن. بەشێک لە پەراوێزنشینان کرێکارانی لەسەرکار یان بێکار، ژنانی سەرپەرستی بنەماڵە، کارمەندانی ئیدارە و یان ئەو بەشە لە مامۆستایانن کە بەهۆی دەستەنگی و بێتوانایی لە دابینکردنی هەزینەی قورسی کرێ خانوو، لە ناوەندی شارەکانەوە پەنایان بردووەتەبەر پەراوێزنیشینی. داتاکانی تر دەریدەخەن کە نەوەی دووەم و سێهەمی پەراوێزنشینانیش بەهۆی دەست پێڕانەگەیشتن بە ئیمکاناتی ژیانی شار و پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی و لە لایەکی دیکەشەوە

بەهۆی بوونی ملیۆنان بێکار لە سەرتاسەری وڵاتدا، شانسی زۆر کەمیان هەیە بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار و بەردەوام وەک هۆکارێکی دەرەکی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت

ئەو ئامار و ژمارە بەربەستانەی کە لەلایەن خودی حکوومەتی ئیسلامییەوە بڵاو دەکرێتەوە، بە ڕوونی ئەوە دەردەخات کە چۆن ملیۆنان گەنج لە وڵاتدا، جگە لەوەی کە توانایی کڕینی خانووبەرەیان نییە، بەڵکوو تەنانەت توانایی بەکرێگرتنیشیان نییە و ناچارن بەپێچەوانەی مەیل و ویستی خۆیان، لەگەڵ بنەماڵەکانیاندا بژین و ئەزموونی ژیانی سەربەخۆیان لێ زەوت دەکرێت. لە ساڵەکانی دەیەی حەفتا بەملاوە تاکو ئەمرۆ، زنجیرەی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینی جەماوەری کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە پەراوێزی شارەکانەوە دەستیان پێکردووە و تا هاتووە ڕەهەندی بەربڵاوتری بەخۆیەوە گرتووە، هەروا بەردەوام بووە. ئاخێزی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی، کە لە شاری مەشهەدەوە دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی کورتدا هەموو ئێرانی گرتەوە، بریتی بوو لە ڕاپەڕینی خەڵکی هەژار، کرێکارانی بێکار، پەراوێزنشینان و ئەو لاوانەی کە ئاسۆی ژیانیان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لێڵ و نادیار بوو. مانگی خەزەڵوەری ١٣٩٨یش شاهیدی ڕاپەڕینێکی دیکەی بە هەمان سروشتەوە بووین کە ١٥٠ شاری ئێرانی گرتەوە. ڕاپەڕینێکی کە پایەکانی ڕژیمی خستە لەرزە. ئەم دوو ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانە جەماوەرییە، هاوکات لەگەڵ مانگرتنی کرێکاری و شێوازە جۆراوجۆرەکانی تری خەباتی خەڵک لە شارەکاندا بوو کە زەمینەی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و شکۆداری ژن، ژیان، ئازادی خۆشکرد. پێشینەی مێژوویی خەباتی پەراوێزنشینان و هەروەک چۆن ڕاپەڕینی مانگی خەزەڵوەریش نیشانی دا کاربەدەستانی ڕژیم دەزانن کە ئەگەر چەخماخەی ئەو ناڕەزایەتیانە لێبدرێت، لەو هەلومەرجە قەیراناوییەی ئێستادا ناتوانرێت بە ئاسانی

کۆنترۆڵ بکرێن

هەرچەندە بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕژیم بەردەوام ترسیان لە هەڵچوون و سەرهەڵدانی شۆڕشە خۆڕسکە کۆمەڵایەتییەکانی پەراوێزی شارەکان هەبووە، بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی هەژاری دانیشتووی ئەو ناوچانە تەنیا لە کاتی ڕاپەڕینی بەفرانباری ٩٦ و بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە ڕاپەڕینی سەرتاسەری خەزەڵوەری ٩٨دا، گۆشەیەک لە پۆتانسێلی واقیعی خۆیان لە خەبات دژی ڕژیمی ئیسلامی و لەپێناو بەدیهێنانی ویست و داواکارییەکانیاندا نیشانداوە. گومان لەوەدا نییە کە درێژەدان بە ڕەوتی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتن لە ناوەندە گەورە کرێکارییەکان و ڕۆڵی هەڵسووڕاوانی کرێکاریی لە ڕێبەریکردنی ئەم ناڕەزایەتیانە کە پێوەندییەکی پتەو و ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ چین و توێژە هەژارەکانی پەراوێزی شارەکان، سەرلەنوێ ئەم دۆخە دەگۆڕێت و ئامادەیی زێهنی بۆ سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوە لێک هەڵپێکراوە ناڕەزایەتییەکان لەو ناوچانە

پێک دەهێنێت

ئەزمونی ڕاپەڕینی سەرتاسەری خەزەڵوەری ٩٨ و حزووری پڕ جۆش و خرۆشی لاوان و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش لەو ناڕەزایەتیانەدا و هەروەها یەکگرتوویی و هاوخەباتی جێی ستایشیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکان و ئەو جۆش و خرۆشە خەباتکارانەی کە لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادا بەدی دەکرێت، زەمینەیەکی گونجاوی بۆ هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خەباتکارانە و دروستکردنی دامەزراوە جەماوەرییەکان لەم گەڕەکانەدا خوڵقاندووە. پەراوێزنیشینی و بێبەشبوونی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو، چارەنووسێکی حەتمی و چارەهەڵنەگر نییە. ژیان لە ژێر سەقفێکدا و بەهرەمەندبوون لە هەموو ئیمکاناتێکی ئاسایشی و خۆشگوزەرانی و فەرهەنگی، مافێکی بێ ئەملاو ئەولای سەرجەم مرۆڤەکانە و ولامدانەوە و دابینکردنی، ئەرکی سەرشانی دەوڵەتەکانە. سەپاندنی ئەم مافە ڕەوایە بەسەر دەوڵەتەکاندا لە گرەوی یەکگرتوویی و هاوپشتی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و خەباتێکی ڕێکخراو و جەماوەریدایە

***



دواستون

# دیسانیش تەرح و پلانێکی کۆنەپەرستانەی‌تر

حەوتووی ڕابردوو ڕەزا مورادسحرایی وەزیری پەروەردە، پەردەی لەسەر یەکێک لە زنجیرە تەرح و پلانە کۆنەپەرستانەکانی دەوڵەت لادا. ناوبراو وتی، "پێویستە کتێبە دەرسییەکانمان بەجۆرێک بنووسینەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕەگەزی کچان و کوڕان و بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە بە نیازە کتێبی خوێندنی جیا بۆ قوتابیانی کچ و کوڕ ئامادە بکات". ئەو هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم تەرحە لەسەر بنەمای بەڵگەنامەی "گۆڕانکاری بنەڕەتی پەروەردە" دامەزراوە. ئەو تەرحە کۆنەپەرستانە مانگی خەرمانانی ١٣٨٩ لەلایەن شۆڕای باڵای پەروەردەوە ئامادەکراوە. وەزیری کۆنەپەرست و بێ حورمەتی پەروەردە بەوپەڕی بێشەرمییەوە وتوویەتی کە مەبەست لەم پڕۆژەیە بریتییە لە بەدامەزراوەییکردنی پرسی "حەیا" لە هەموو کۆمەڵگادا. ئاشکرایە کە لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا سووکایەتی پێکردن و زەوتکردنی مافە سەرەتاییەکانی ژنان هەموو سنوورەکانی بەزاندووە. ساڵانێکی زۆرە لە بواری پەروەردەدا، شاهیدی جێبەجێکردنی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی جیاکردنەوەی منداڵان و تازەلاوانی کچ و کوڕ لە قوتابخانەکان، ژنانە و پیاوانەکردنی بوارەکانی خوێندن، دروستکردنی ئاستەنگ لە بواری وەرزش و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ترین. بێ گومان ژن و پیاوە تێکۆشەر و ئازادیخوازەکانی ئێران وەک هەمیشە تەسلیمی پلان و فێڵ و فریوی کۆنەپەرستانەی ڕژیمی ئیسلامی نابن و بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی خۆیان هەر چەشنە نەخشە و پلانێکی کۆنەپەرستانە و تاڵەبانیی ئەم ڕژیمە لەگەڵ شکست و ناکامی بەرەوڕوو دەکەنەوە. نەخشە و پلانی لەم چەشنە و ئەویش لە سەردەمی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا ڕسواتر لەوەیە کە پێویست بکات لەقاو بدرێت. کارنامەی خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا نیشان دەدات کە ئەم ڕژیمە سەرەڕای کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژترین شێوازەکان، زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام، لە سەپاندنی شێوازی ژیانی خوازراوی خۆی بەسەر زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێراندا ناکام بووە. وەرزشی ژنان حەرام بوو. ژنان ساڵانێکی زۆر مافی چوونە ناو یاریگاکانیان نەبوو. دووچەرخەسواری ژنان یەکێک بوو لە گوناە و تاوانە گەورەکان. هەبوونی ئامێری بڵاوکردنەوەی ویدیۆ تاوان بوو. چارشێو و مانتۆی ڕەشی ژنان و حیجابی تەواو، بابەتی ململانێی ڕۆژانەی ژنان لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان لەگەڵ مەئموورەکانی ڕژیم بوو، بوارەکانی خوێندنی ژنانیان لە زانکۆکان سنووردار کرد، سەرەتا دوژمنایەتی ئینتەرنێتیان کرد، پاشان فلتەریان کرد و دواتر خاویان کردەوە و دەیان بابەتی تر. بەڵام ئەگەر سەیرێکی کارنامەی کۆماری ئیسلامی بکەین، دەبینن کە چۆن ڕژیمی ئیسلامی لەم نەبەردە کۆمەڵایەتییەدا بەردەوام سەری لەبەرد داوە و لە هەموو بوارەکاندا ناچار بووە پاشەکشە بکات و مەیدان بەجێبهێڵێت

لەمڕووەوە، قسە لەسەر کۆنەپەرست بوون و دژە مرۆیی بوون و گەلێک سیفەتی هاوشێوەی تر کە شایستەی ئەو تەرحانەن، نییە، بەڵکوو قسە لەسەر ئەوەیە کە بۆچی کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکدا کە نە تەنیا مەشروعیەتەکەی، بەڵکوو تەنانەت بنەمای دەسەڵاتەکەشی لەلایەن زۆربەی هەرەزۆری ئەم کۆمەڵگایەوە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە و لە گێژاوێکی توونددا گرفتارە، پەنا دەباتەبەر تەختە شکاوێکی لەم چەشنە بۆ ئەوەی خۆی لە خنکان ڕزگار بکات؟ وەڵامەکەی ڕوونە. ڕژیمی ئیسلامی لە بواری کۆمەڵایەتیدا هیچی لە هەگبەدا نەماوە. هەربۆیە بە گوشار خستنەسەر ژنان و سەرکوتکردنی خەباتی بەرابەری تەڵەبانە و ئازادیخوازانە، هاوکات دەیەوێ دوو ئامانج بپێکێت: یەکەم، دەیەوێت لە نێو دواکەوتووترین و کۆنەپەرست ترین چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا جێگە و پێگەیەک بۆخۆی دەستەبەر بکات و پێیان بڵێت: "وەک ڕژیمێکی ئیسلامی"، هێشتاش بوونی هەیە و " ئامانجی دووەمی بریتییە لە چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا بەگشتی و سەرکوتکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا. بەڵام کێ هەیە نەزانێت کە ئازایەتی و بوێری لە کۆمەڵگەی ئێران و بە تایبەت لە نێو ژناندا، ئێستا ئیتر بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. ماوەی ٤٤ ساڵە ئەم ڕژیمە بە خەرجکردنی ملیاردها دۆلار، هەر لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بگرە تا سیستەمی قەزایی و زیندانەکان، لە ناوەندە ئایینییەکانەوە تا نیو ملیۆن مەلا و خوێندکار و کارناس و بانگخوازی ئایینی، لە ئۆرگانە سەربازی و ئەمنییەکانەوە بگرە تا سیستەمی پەروەردەیی، لە نوێژی هەینی و حەوزەی ئایینییەوە تا گەشتی ئیرشاد، لە لات و چەقۆکێشە ئیسلامییەکانەوە تا سینەما و هونەری حکومەتیی و هیتر□، هەوڵدەدەن ژنان وەک ژێردەستە و ڕەگەزی دووەم لە قەڵەم بدەن. بەڵام ئەمڕۆ بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شاهیدی شکستهێنانی ئاشکرای هەوڵە بێ ئاکامەکانی خۆیانن